# Mass Media

By: Bayan Mubarak & Najat Rosty




له بڵاوكراوه‌كانی
رێكخراوی میدیا بۆ راهێنانی رۆژنامه‌نووسان

به سپۆنسه‌ری
qaiwan group



٢٠١٦
چۆنیه‌تی هه‌ڵسوكه‌وت كردن له‌گه‌ڵ ماس میدیا
وه‌رگێڕان و ئاماده‌كردنی : به‌یان موباره‌ک - نه‌جات رۆستی

چۆنیه‌تی هه‌ڵسوكه‌وت كردن له‌گه‌ڵ

# ماس میدیا




وه‌رگێڕان و ئاماده‌كردنی
به‌یان موباره‌ک – نه‌جات رۆستی

2016

### چۆنێتی هەڵسوکەت کردن لەگەڵ

# ماس میدیا

**Handing the Media**


**وەرگێران وئامادەکردنی**

**بەیان موبارەك    نەجات روستی**


سلێمانی 2016




- ناوی کتێب :

چۆنێتی هەڵسوکەت کردن لەگەڵ ماس میدیا

- بابەت : ریکخراوەیی و میدیایی

- وەرگیران وئامادەکردن:نەجات روستی-بەیان موبارەك

- دیزاینی ناوەڕۆك : نەجات رۆستی

- بەرگ: سەرکەوت پێتجوێنی

- تیراژ : 500 دانە

نرخ: 3500

-ژمارەی سپاردنی کتیبخانەی نیشتمانی (1448)

- چاپخانە : بینایی-سلێمانی

- سپۆنسەر گرۆپەکانی قەیوان

- لەبلاّوکراوەکانی ریکخراوی میدیا بۆ راهێنانی رۆژنامەنووسان

## پێشەکی...

دوای پرۆسەی ئازادیی لە کوردستان وعیراق بەگشتی، بونی چەندین ڕێکخراوەی بیانی و پیشکەشکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکانیان بە چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگا و ئەنجامدانی چەندین کاری ڕۆشنبیری لە سەرتاسەری وولات، هانی چالاکوانەکانی ناوەوەی وولاتی دا کە بیر لە دروستبونی ڕێکخراو و دامەزراوەکانی شارستانی بکەنەوەو ببنە جێگرەوەی ئەو ڕێکخراوە بیانیانە کە ماوەی کارکردنیان سنوردابوو. لە ماوەیەکی کورتدا بە هەزاران ڕێکخراوی لۆکالی( NGO) لە کوردستان دروست بوو، هەریەکەیان بە بەرنامەیەکی جیاواز لە بوارە جیاجیاکان بکەونە خۆیان بۆ بە دامەزراوکردنی ناوەندە ڕۆشنبیریەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی. بەر لە قەیرانی دارایی لە زۆربەی ناوچەو شارەکانی کوردستان چالاکی جوارو جور بەڕێوە دەچوون، لەگەڵ دروست بونی کێشەو قەیرانی دارایی، کاریگەری خستەسەر هەموو کایەکانی ژیان، بە تایبەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە نەتوانن وەك پێوست کاروچالاکیەکانیان ئەنجام بدەن، هەرچەندە کەم تازۆر چالاکی ڕێکخراوەیی ئەنجام دەدرێ بەڵام بەشێوەیەکی



پچڕ پچڕ، ئەو کارو چالاکیانەی کە ئەنجامیش دەدرین وەك پێویست لە ماس میدیا باسی لێوەناکری و گرنگیەکی ئەوتۆیان پێ نادرێ. بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ماس میدیا دروست بێ و بتوانن هاوکارو هەمئاهەنگی لەنێوانیان هەبێت، وەك خزمەتێك بە خەباتی پیشەیی ڕێکخراوەیی ئەم کتێبەمان کە بابەتێکی نەوازەی ڕێکخراوی (NDI) ئەمریکیە لە شێوازی کوراسە بە زمانی عەرەبی چاپکراوە، ئێمەش پوختەی بابەتەکەمان لە دووتووی ئەم کتێبە چڕکردووتەوە، بۆ ئەوەی کاراکتەرەکانی ڕێکخراو دەزگا مەدەنیەکان بە شێوەیەکی زانستی و شیاو هەڵسوکەوت لەگەڵ ماس میدیا بکەن، بۆ ئەوەی برەو بە کارەکانیان بدەن و بە ڕێگایەکی ئاسان کارەکانیان بخەنە ڕوو...

بەیان موبارەك

نەجات روستی – سلێمانی





## تڕوانینێکی گشتی (Overview)

ئەم ڕێبەرە باس لە بابەتی چۆنیەتی هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ میدیاییەکاندا دەکات ، چونکە زۆربەی ڕێکخراوەکان پیان باشە و ڕەزامەندی دەردەبڕن بۆ بەشداری کردن لە دیمانەوکۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکان ، بۆ ڕاگەینراو ، دەرکردنی بەیاننامە ، یان چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو کە میدیاکانی لێ ئاگادار بکەن . لەبەئەوە لێرەدا چەند ئامۆژگاری، بیرۆکە کە یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی ئەم لایانەنە پێشکەش بەو ڕێکخراوانە دەکەین کە پەیوەندی لەگەڵ میدیاییەکان نیە- تەنانەت ئەوانەش کە هەیانە، لە هۆکارانە دەکۆڵینەوە کە یارمەتیدەر بن لە سوود وەرگرتن لە دەزگا میدیاییەکان لە بەرژەوەندی گشتی و ڕێکخراوەکان .بە هیواین ئەم ڕێبەرە یارمەتی ڕێکخراوەکان بدات لە بیرکردنەوە لە شێوازی پەیوەندی کردنی لەگەڵ میدیاییەکاندا . سوود لەمە وەربگرێت لە دەرکردنی بەیاننامە و خستە رووی کاروچالاکیەکان، کە یارمەتیدەری بێت لە هێنانەدی ئامانجەکانی بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری زیاتر لەسەر ئاستی ناوخۆی و هەرێمی و جیهانی .

## کورتە باسێکی ئەم ڕێبەرە

ئەم پێگەیە زانیاری پێویست دەربارەی ڕێگەی کارکردنی نووسینگەکانی هەواڵسازی (مکاتب التحریر ) لە دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا دەستەبەر دەکات ، وە باسی بابەتی کۆنترۆڵ کردن و ئاراستە کردنی دەکات ، پاشان ڕێوشوێنی کرداری پێشکەش بەو کەسانە دەکات کە دیمانە ئەنجام دەدەن لەگەڵ میدیای نووسراو بیستراو بینراوەکاندا ، هەروەها بابەتی چۆنێتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی دەخاتە ڕوو .

- **دەزگا ڕاگەیاندنەکان چین؟**

لەم بەشەدا مانای میدیاکان ڕوون دەکەینەوە .

## خاوەندارێتی دەزگا میدیاییەکان و ئەو هێزانەی کە کۆنترۆڵیان دەکەن

لەم بەشەدا باسی گرنگی پرسیارکردنی ڕێکخراوەکان لەو هێزانەی کە خاوەنی میدیاکان و جولێنەرەکانیان ، هەروەها پێشکەشکردنی ئامۆژگاری پێویست بۆ برەوپێدانی زانیارییە پێویستەکان .



## هۆکارەکانی پەیوەندی کردن بە میدیاکانەوە چین ؟

هەرچەندە زۆربەی ڕێکخراوەکان دورە پەرێزن لە پەیوەندی کردن لەگەڵ میدیاکاندا ، لەبەرئەوەی کە متمانەیان بەوە نیە کە کێشەکانیان لە ڕوانگەی ئەوانەوە ناخانە ڕوو ، هەڵەیە کە ڕێکخراوەکەت بەدوور بگریت لە میدیاکان . لەبەرئەوە ئەم بەشە لایەنە باشەکانی پەیوەندی کردن بە میدیاکانەوە دەخاتە ڕوو .

## شێوازی کاری میدیاکان

ئەگەر هەڵس وکەوت دەکەیت لەگەڵ میدیاکاندا ، ئەوا پێویستە شێوازی کارکردنیان بزانیت . لێرەوە ئەم بەشە پێکهاتەی نووسینگەکانی هەواڵسازی لە ڕۆژنامەو ڕادیۆ و تەلەفزیون دەگرێتە خۆ .

## ئایا ڕەزامەندی بە ئەنجامدانی دیمانە یان ڕەتیدەکەیتەوە ؟

ئەگەر یەکێك لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان داوای دیمانەیەکی کرد لەگەڵ ڕێکخراوەکەت ، ئایا ڕەزامەند دەبیت؟ ئەم بەشە ئەو مەسەلانە

دەخاتە ڕوو کە پێویستە بیری لێبکەیتەوە کاتێك کە بڕیاری خۆت دەدەیت .

## چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی ڕێبازی دیمانەکە

هەرچەندە ژیربێژی دروست ( المنگق السلیم ) کۆنترۆڵی دیمانە دەکات ، لێرەدا چەند ڕێسایەکی گشتی و ئامۆژگارییەکت پێشکەش دەکەین کە پێویستە پەیڕەوی بکەیت بۆ دروست بەڕێوەبردنی دیمانەکە ، لە سەرەتای وەڵامدانەوەی داواکاری چاوپێکەوتنەکە تا ئەنجام دانی چاوپێکەوتنەکە.

**دیمانەی ڕۆژنامە و ڕادیۆی و تەلەفزیۆنی**لەم بەشەدا ، بە شێوەیەکی تایبەتی ، باسی سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەین ، وە چی پێویستە کە لەبەر چاوی بگریت کاتێك کە دیمانەیەك ئەنجام دەدەیت لەگەڵ هەریەکێکیاندا.

## شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان

لەم بەشەدا ئەو هەنگاوانە باس دەکەین کە پێویستە بیگریتە بەر کاتێك میدیاکان قسەکانت دەگۆڕن ، یان کاتێك کە ئەم دەزگایانە هەوڵی زانینی کێشەیەك دەدەن کە ڕێکخراوەکەت ڕووبەڕووی بۆتەوە .



## چۆنێتی داڕشتنی بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی

لەوانەیە داوا لە ڕێکخراوەکەت بکرێت کە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانی دەربکات بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێك ، سیفەتەکانی بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی باش داڕێژراو چیە کە میدیاکان پشتی پێدەبەستن.

## چۆنێتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکان

وا باشترە کە بیر لەو شێوازە بکەیتەوە کە ڕێکخراوەکەت هەڵس وکەوتی پێدەکات لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکاندا ، چونکە پێویستت بەوەیە کە پەیوەندیەکی ئەرینی (پۆزەتیفانە) یان لەگەڵدا دروست بکەیت . چەند ڕێنماییەکت پێشکەش دەکەین کە یارمەتیدەرە لە بونیاتنانی ئەم پەیوەندییە .

## میدیاکان چین ؟ (What is the media)

چی بە خەیاڵتدا دێت کاتێك کە یەکێك باسی "هۆکانی میدیا" دەکات؟

ئایا بیر لە ڕۆژنامە و تەلەفزیون و ڕادیۆ دەکەیتەوە؟

میدیا ئەو هۆکاری پەیوەندی کردنەیە کە ئەم سێ هۆکارە ناسراوە گشتییە بە هۆکارە میدیایەکان دەگرێتەخۆ. هەروەها چەند ئامێرێکی دیکەش دەگرێتەوە لەوانەش پۆستەرەکان ، ناونیشانە سەرەکییەکان ، پۆستەرە ڕیکلامییەکان ، کاسێتە فیدیۆییەکان ، نیشانەکان ، داتاکان ، ڕاپۆرتە هەواڵییەکان ، جگە لەمانەش ، بە ڕادیۆ و تەلەفزیونیش دەووترێت هۆکارە میدیا ئەلیکترۆنییەکان ، بەڵام ، کاتێك کە باسی میدیا دەکەین ، ئەوا باس لە هەموو هۆکارە میدیاییەکان دەکەین کە هۆکاری پەیوەندی کردن دەڕەخسێنێت لە نێوان توێژێکی بەرفراوان لە خەڵك.

لێرەوە ئەم ڕێبەرە جەخت دەخاتە سەر شێوازی پەیوەندی کردن بە سەرجەم هۆکارە میدیاییەکانەوە – لە ڕۆژنامە و بەرنامە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییەکان – کە ئاڕاستەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك دەکرێت.



## خاوەندارێتی میدیایەکان و ئەو هێزانەی کە کۆنترۆڵیان دەکەن

## ( Ownership and control of the media)

لەو ووڵاتانەی کە خاوەنی ئابوری ئازادن ، کۆمپانیا بازرگانیەکان بە شێوەیەکی بنچینەیی دەستیان گرتوە بەسەر میدیاکاندا . بەڵام لەو ووڵاتانەی کە سیستمی حوکمڕانی توندڕەویان هەیە ، حکومەت خاوەنی زۆربەی میدیاکانەو دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە زۆربەی کات . کەواتە ناسنامەی (هویە) خاوەنی دەزگا ڕاگەیاندن کە و ئەو کەسەی کە کۆنترۆڵی دەکات دەگۆڕێت لە ووڵاتێکەوە بۆ ووڵاتێکی دیکە . بەڵام لە سەردەمی عەولەمەدا کە ئێستا تیایدا دەژین ، تێبینی ئەوە دەکەین کە کۆمپانیا جیهانیە زەبەلاحەکان پشکیان هەیە لە میدیاکاندا ، بەمەش کاریگەریان هەیە لەسەر هەواڵە گواستراوەکان بۆ سەرجەم ووڵاتانی جیهان . لەم لۆژیکەوە ، پلەی سەربەخۆیی کاری هەواڵسازی لە میدیایەکەوە بۆ میدیایەکی دیکە دەگۆڕێت . بەڵام ئەوەی کە جێی نیگەرانیە کە پێویستە ڕەچاوی بەرژەوەندی ئەو کۆمپانیا بازرگانیانە بکرێت – جیهانی بێت یان ناوخۆیی – لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا ، کە ئەمەش پاڵنەرە بۆ پرسیارکردن لە ڕادەی باوەڕپێکردنی ئەو هەواڵانەی کە تۆ

دەیخوێنێتەوە وەك بەکارهێنەرێك . ئەمەش هاوشێوەی دەستێوەردانی حکومەتەکانە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا .

لەوانەیە خاوەنی کەناڵێکی میدیای ڕێگە لە سەرنووسەر بگرێت لە بڵاوکردنەوەی هەواڵێك سەبارەت بەو زیانانەی کە کۆمپانیا نەوتیەکان دەیگەیەنێت بە ژینگە ، لە ترسی وەستاندنی ئەو کۆمپانیایە لە بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکانی لە کەناڵەکەدا . بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەرە کە سەرنووسەرەکە ڕەزامەند نەبێت بۆ مل کەچکردن بۆ خواستەکانیان .

هەروەها یەکێك لە حکومەتە زۆردارەکان هەڵبستێت بە دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان وە داخستنی هەندێ ڕۆژنامە ، یان وئیزگەی ڕادیۆی و تەلەفزیۆنی ، ئەگەر خواستی ڕەخنەگرتنی هەبێت لە سیاسەتی حکومەت . بینیمان چەندین ڕۆژنامەنووس کوژراون لەبەرئەوەی هەوڵیان داوە گەندەڵییەکانی حکومەت ئاشکرا بکەن .

ئەگونجێ مەسەلەی چاودێری کردن لەسەر کاری ڕۆژمانەوانی کێشەیەکی دیکە بێت بۆ سەر ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی کە قازانج نەویستن و سەر بە کۆمەڵێکی دیاریکراون . ئەگەر ئەم دەزگایە پشت ببەستێت بە لایەنێك بۆ پاڵپشتی دارایی (التمویل) ، ئەوە ئەو لایەنە تا ڕادەیەك هەڵدەستێت بە کۆنترۆڵکردنی کاری هەواڵسازی . بۆ



نموونە (کۆمپانیایەکی گەورە کە سالانە سەدان ملیون دولار تەرخان دەکەن بۆ خستە روی کارەکانیان و نیشاندانیان بەمەش زۆربەی کەناڵەکانی میدیا کونترول دەکەن )

## ئاسۆی زانیارییەکانت فراوان بکە

لە میانەی پەرەپێدانی شێوازەکانی پەیوەندی کردن بە میدیاکانەوە ، ڕێکخراوەکەت پێویستی بە ناسینی ئەو هێزانەیە کە کۆنترۆڵی ئەم دەزگایانە دەکەن و هەروەها خاوەنەکانیان . هەروەها پێویستە ئاگاداری ئەو ڕێبازانە بیت کە ئەم دەزگایانە پەیڕەوی دەکەن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕێکخراوەکەت دەیخاتە ڕوو. لە هەندێ کاتدا ، لە توانایدایە کە کێشەکانی لەبارچوون و باسە سیکسیەکان بە شێوەیەکی دڕندانە چارەسەر بکات .

لەبەر ئەوە دەتوانیت :

- هەموو ئەو ووردەکارییانە دیاری بکەیت کە پەیوەستە بە ئەو دەزگا میدیایانەی کە لە سنوری ڕێکخراوەکەت ، یان لە ناوچەکەت ، شارەکەت ، ووڵاتەکەتدا کاردەکەن ، وە پێویستە کە ڕێکخراوەکەت ئاگادار بکەیتەوە لەو زانیارییانە ، وە دڵنیا بوون لەم ناونیشانە سەرەکیانەی خوارەوە :

*رۆژنامەکان* ( رۆژانەن ، و هەفتانەن ). ئەم رۆژنامانە چین ؟ خاوەنەکانیان کێن ؟ ئەو کێشانە چین کەجێی سەرنج و گرنگی پێدانیانە ؟ خوێنەرەکانی کێن ؟جۆری ئەو هەواڵانە چین کە بڵاوی دەکاتەوە ؟ ئایا پسپۆرە لە چەند بابەتێکی دیاریکراودا ؟ پەیوەندیان چییە بەو کێشانەی کە رێکخراوەکەت دەیخاتە روو ؟ ئەو بەرنامەنەیان چین کە لەوانەیە گرنگی بدات بە کارەکەت ؟

*ئێزگە رادێوییەکان* . ئەم ئێزگانە کامانەن ؟ خاوەنەکانیان کێن ؟ بۆچوون و خواستی هەر ئیزگەیەك ؟ گوێگرەکان کێن ؟ پەیوەندیان چییە بەو کێشانەی کە رێکخراوەکەت دەیخاتە روو؟ وە ئەو بەرنامەنەیان چین کە لەوانەیە گرنگی بدات بە کارەکەت ؟

*تەلەفزێونیەکان* . ئەم کەنالانە کامانەن ؟ خاوەنەکانیان کێن ؟ بۆچوون هەر کەناڵێك چییە ؟ وە پەیوەندیان چییە بەو کێشانەی کە رێکخراوەکەت دەیخاتە روو ؟ وە ئەو بەرنامەنەیان چین کە لەوانەیە گرنگی بدات بە کارەکەت ؟

- ئەو دەزگا میدیایانە دیاری بکەیت کە رێکخراوەکەت پێویستی پێیە کە پەیوەندی پێوە بکات.



- تێگەیشتنی ئەو سیاسەتەی کە سەرنووسەری ئەم رۆژنامە و ئیزگە رادێویی و تەلەفزێونانە پەیرەوی دەکەن . چونکە ئەگەری هەیە کە ئەمە یارمەتیت بدات لە دانانی پلانێکی ستراتیژیدا ، لە پێناو باشکردنی هەڵس و کەوتنەکانت لەگەڵ میدیاکاندا ، هەرچەندە ئەگەر دژ بە سیاسەتەکانیان بێت .
- دڵنیا بە لە خاوەنی دەزگا میدیاییەکان لە ناوچەکەی خۆت و وویلایەتەکەت و وولاتەکەت و لە هەموو جیهاندا ، ئەگەر پێویست بوو .
- تەماشای لاپەرە بازرگانی و ریکلامییەکانی رۆژنامەکان بکە، هەروەها لێکۆڵینەوەی کۆنگرەکان ، هەروەها ئەو راپۆرتە ساڵانەی کە لە لایەن کۆمپانیا راگەیاندنەکانەوە دەردەچێت : وە بگەرێ بە شوێن پێگە ئەلیکترۆنیەکانیان لەسەر تۆری ئەنتەرنێت . هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بکەی لەگەڵ خاوەن دەزگا میدیاییەکان و سەرنووسەرەکان و رۆژنامەنووسەکاندا .

- گفتوگۆ بکەیت لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کە گرنگی دەدات بە پرسەکانی ئازادی ڕا دەربڕین و چاودێری میدیاکان .
- سەردانی ئەو پێگەکانە بکەیت لە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت کە چارەسەری ئەو پرسانە دەکات کە پەیوەندیدارە بە ئازادی ڕا دەربڕین و چاودێری میدیاکان .
- پەیوەندی بکەیت بەو کەسانەی کە لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا کاردەکەن .

## زانیاری ڕێکخراوەکەت بەهێز بکە

دوای تەواوکردنی کارەکانی سەرەوە ، داوا لە ڕێکخراوەکەت بکە سیمینارێك ڕێك بخات ، بۆ خستنەڕووی ئەو زانیاریانە بۆ ئەندامەکانی و ئەندامی لیژنەکان ، بەمەبەستی یارمەتیدانیان لە تێگەیشتنی ئەو زانیاریانەی کە بەدەستان هێناوە سەبارەت بە دەزگا میدیاییەکان . باشتر وایە کە ئەو ئەندامانە شارەزای کاروبارە ڕاگەیاندنەکان بن .



## خاوەندارێتی دەزگا میدیاییەکان و کۆنترۆڵ کردنیان لە ژێر شێوەی جیاوازدا

ئەو دەستانەی کە دەتوانن کە خاوەنی دەزگا میدیاییەکان بن و کۆنترۆڵیان بکەن بریتین لە :

- دەزگا جیهانیەکان
- دەزگا ناوخۆیەکان
- کۆمپانیا پچووکەکان
- تاکەکان
- حکومەت
- کۆمەڵەکان ، کۆمەڵگەی ناخۆیی
- ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان

بەڵام ئەم ڕێبەرە ، بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەتی پەیوەست بە میدیاکانەوە دەگرێتەخۆ .

## تێگەیشتنی بەرژەوەندی دەزگا میدیاییەکان

میدیاکان خاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێزن ، دەتوانێت گاریگەری باشی هەبێت لەسەر ڕایگشتی لە ڕێی ئەو هەواڵانەی کە دەیگوێزێتەوە و

ئەو ڕوونکردنەوانەی کە لەبارەیانەوە دەیدات. وە لەم ڕوانگەیەوە ، پێویستە بەدواداچوون بۆ ئاراستەو بۆچوونەکانی ئەم دەزگایانە وە ئەو بەرژەوەندیانەی کە خزمەتی دەکەن بکەین ، هەتا بتوانین بە دروستی هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکەین کاتێك کە گفتوگۆمان لەگەڵ دەکەن .

وە لەبەرئەوەی هەندێ میدیا لایەنگری خۆیان بۆ حزبێکی سیاسی ڕادەگەیەنن ، ئەمانە بە پلەی یەکەم خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەو حزبە دەکەن . وە ئەمەش بە ئاشکرا دەردەکەوێت لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکاندا بۆ نموونە کە بۆ بەرژەوەندی چ حزبێك کاردەکەن . هەرچەندە زۆربەی دەزگا میدیاییەکان جەخت لەسەر بێلایەنی خۆی دەکەنەوە بۆ لایەنێکی هەڵبژاردنەکە ، تەنانەت دەربڕینی تێڕوانینی هەر لایەنێکیشیان ، بەڵام ڕێکەوتی زۆر لە میدیاکانمان کردووە لە کاتی ڕومالّ کردنی ململانیەکاندا بە شێوەیەکی ئاشکرا تێڕوانینی لایەینێکی خستۆتەڕوو و لایەنگری ئەو لایەنەی کردووە . ئەمەش بە ئاشکرا لەو ڕاپۆرتانەدا دەردەکەوێت کە لەکاتی جەنگدا ئامادە دەکرێت ، بە شێوەیەك کە میدیاکان دەقۆزرێنەوە بۆ وورووژاندنی هەستی نیشتمانی، وە دەنگەکانی دیکە فەرامۆش دەکات لە ڕوانگەی ڕایگشتیدا. ( هەروەها لەوانەیە هەڵویستی لایەنگیری بۆ جەنگ بنوێنێت ، ئەگەر ئەوەی بۆ بگونجێت !) وە لێرەوە ڕۆڵی



میدیا "جێگرەوەکان" ( البدیلە ) ، قازانج نەویستەکان ، دەردەکەوێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەمتەرخەمییە ، بە خستنەڕووی بۆچوونە دژەکان .

وە چەندەها ڕۆژنامە و ئێزگەی ڕادیۆی و تەلەفزیۆنی کە بانگەشەی بێلایەنی دەکات لەگەڵ ئەوەشدا تاڕادەیەك پشت دەبەستن بە دەسەڵاتە ڕیکلامکارەکان لە ڕووی ئابوریەوە ، یان مل کەچ دەبن بۆ فشارەکانی حکومەت ، چ بە شێوەی ئاشکرا یان نهێنی .

## هۆکارەکانی پەیوەندی کردن بە میدیاکانەوە چین ؟ (Why relate to the media?)

خوێندنەوەی ئەم ڕێبەرە ، وە براوس کردنت بۆ پێگەی "CIVICUS" ، کاردانەوەی گرنگی دانی ڕێکخراوەکەتە بەم بابەتە ، هەروەها ڕادەی بەئاگابوونتە بۆ دەسەڵاتی میدیاکان . کاتێك کە ڕێخراوەکەت وەڵامی دەزگا میدیاکان دەداتەوە ، دەرفەتێکی بۆ دەڕەخسێت بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەئاگابوون لە کێشەکانی ، لە ڕوانگەی تێڕوانینی تۆوە .

## ئەو هۆکارانە چین کە وا لە میدیاکان دەکات کە پەیوەندیت پێوە بکەن؟

ئەو هۆکارانە زۆرن کە پاڵ بە میدیاکانەوە دەنێت گفتوگۆ لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەت بکەن ، لەوانەیە :

- به نیازبێت گفتوگۆت لەگەڵ بکات بە مەبەستی دارشتنی هەواڵێکی کورت ، یان نووسینی راپۆرتێکی تێر و تەسەل سەبارەت بە کێشەیەك کە چارەسەری دەکەیت.
- به نیازبێت ڕوونکردنەوەی ڕێکخراوەکەت بزانێت سەبارەت بە قەیرانێك کە ڕووبەڕووی وولآتەکەت بوەتەوە – وەك یارمەتی دانی پەنابەرە سیاسیەکان – لە ڕوانگەی بەشداریکردنی ڕێکخراوەکەت لە قەیرانەدا .
- ڕێکخراوەکەتی هەڵبژاردووە لە میانەی بە دواداچوونی بۆ یەکێك لە ڕووداوەکان ، بۆ گوێگردن بۆ بۆچوونی ڕێکخراوەکەت سەبارەت بەو ڕووداوە .
- بە ڕێکەوت بۆی دەرکەوتووە کە ڕێکخراوەکەت هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی کێشە ساتیەکانی کە هەواڵەکان ڕووپۆشی دەکەن – وە ك ئەو کێشانەی کە پەیوەستە بە خراپ هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ منداڵ یان ژنان .
- حەز بکات بۆچوونی شارەزایەك وەربگرێت ، ئەوەش لە تۆدا بەدی دەکات .



- هەوڵ بدات کە سیمیناریك یان گفتوگۆیەکی گشتی ئەنجام بدات – بە شداریکردنی کۆمەڵێك لە خەڵك کە هاوڕان یان جیاواز لە بیروڕادا سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو .
- زانیویەتی کە ڕێکخراوەکەت بەرەنگاری کێشەیەکی دیاریکراو بۆتەوە ، وەك ئابرووچونیك کە ڕووبوڕووی بۆتەوە ، یان نەهامەتیەك تووشی بووە وەك ئاگرکەوتنەوە یان لەو شێوانە .

## هۆکارەکانی پەیوەندی کردنی تۆ بە میدیاکانەوە

لەوانەیە کۆمەڵە هۆکارێکی جیاواز هەبێت لە پشت ئارەزووی پەیوەندی کردنت بە میدیاکانەوە ، چونکە تۆ:

- وا دەبینیت کە ڕێکخراوەکەت پێویستی بەوەیە کە تویژێکی زۆر لە خەڵك ئاگاداربکاتەوە لە بابەتێکی گرنگ .
- هەوڵی ئەوە دەدەیت کە هانی خەڵك بدەیت بۆ بەرگری کردن لە کێشەیەکی دیاریکراو ، وەك کردنەوەی کەمپینێك ئامانجەکەی نەهێشتنی کاری منداڵانە لە کۆمپانیا ڕەگەزە هەمەجۆرەکاندا .

- بێ هیوابوویت لە گەیاندنی دەنگی ڕێکخراوەکەت بۆ ڕایگشتی ، هەرچەندە کە کێشەی ئاڵۆزی سەرنج ڕاکێشی خستۆتە ڕوو بۆ کۆمەڵگە .
- لە هەوڵی بێ ووچاندایت بۆ ناسینی ڕێکخراوەکەت بە خەڵکان .
- لە هەوڵی باشکردنی وێنەی ڕێکخراوەکەتدایت لەبەر چاوی خەڵکی .
- کار دەکەیت بۆ ئەوەی کە میدیاکان کاردانەوەیەکی ئەرینیان هەبێت بۆ ڕێکخراوەکەت.
- دەتەوێت سەرنجی خەڵکی ڕابکێشیت بۆ ئەو کێشانەی کە ڕێکخراوەکەت دەیخاتە ڕوو.
- خوازیاریت کە بۆچوونێکی دیاریکراو بخەیتەڕوو .
- خوازیاریت سود لە بۆچوونێکی دیاریکراو وەر بگریت .
- دەتەوێت کەلك وەربگریت لە شێوازی پەیڕەوکراو لە ڕوماڵکردنی ئەو کێشەکانەی کە ڕێکخراوەکەت دەیخاتەڕوو.
- ئەوەی کە شایەنی باسە کە ڕیکلامی سەرکەوتوو یارمەتیت دەدات لە :



  - بەدەستهێنانی پاڵپشتی زیاتر بۆ یارمەتیدەر بێت لە بردنەوەی کێشەکەتدا
  - ڕاکێشانی ژمارەیەکی زیاتر لە ئەندام
  - کۆکردنەوەی پارە
  - بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی خزمەتگوزاری یان ماددی
  - وا لە خەڵکی بکەیت کە شانازی بکەن کە خۆبەخشانە کار بکەن یان ببنە ئەندام دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکەتدا

## ئەو هۆکارانە چین کە پێویستە ڕەچاو بکرێت لە کاتی پەیوەندی کردن بە دەزگا میدیاییەکانەوە

ئەگەر ڕەوشەکان بە شێوەیەکی نموونەیی وەربگرین ، ئەوا دەگونجێت ئەو بابەتانەی کە ڕێکخراوەکانمان بەرگری لێدەکات بە گرنگ دابنێین لە ڕووی هەواڵییەوە ، کە زۆر گرنگتر بێت لەو بابەتە بێ مانا و سەرنج ڕاکێشانەی کە دەزگا میدیاییەکان ڕۆژنامەکانیان پێ پردەکەنەوە ، وە لە بەرنامە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنیەکاندا پەخشی

دەكەن . بەڵام ڕێكخراوەكانمان بەرەوڕووی چەندەها كۆت و بەربەست دەبن كاتێك كە بە كرداری هەڵس و كەوت دەكەن لەگەڵ میدیاكاندا ، چونكە هەندێك لەو میدیایانە :

- دژ بەو كێشانەیە كە دەیخەینە ڕوو .
- دەكەوێتە ژێر ڕكێفی حكومەتەوە .
- خوازیاری ڕوماڵكردنی ئەو هەواڵانەیە كە ڕێژەی فرۆشتنی زیادبكات ، بەمەبەستی زیادكرنی قازانجەكانی .

بەڵام كۆت و بەربەستەكانی دیكە بریتین لە :

- ترسی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە پەیوەندی كردن لەگەڵ میدیاكاندا بەهۆی نەبوونی متمانە لە نێوانیاندا .
- هەندێ لە ڕێكخراوەكان شارەزایەكی ئەوتۆیان نیە كە ڕێگەیان پێ بدات پەیوەندی بكەن بە میدیاكانەوە .

بۆ ئەوەی ڕێكخراوەكەت زیاتر سەركەوتوو بێت پێویستە كە زۆر بە قوڵی بیر لەو شێوازە بكاتەوە كە خوازیارە هەڵس وكەوتی پێدەكات



لەگەڵ میدیاكاندا ، تا دەرفەتی بەهێزكردنی وێنەی ڕێكخراوەكەت و ناساندنی كارە باشەكانی لەدەست نەدات .

## سوودی ئەو ئامۆژگاریانەی چین كە پەیوەستە بە چۆنێتی هەڵس وكەوتكردن لەگەڵ میدیاكاندا ؟

ئەگەر ڕەزامەند بووی بە ئەنجامدانی دیمانەیەك لەگەڵ دەزگایەكی میدیایدا پێش بیركردنەوە لە چۆنێتی هەڵس وكەوت كردن لەگەڵیاندا ، یان پێشتر خویندنەوەت بۆ نەكردبی بۆچوارچێوەی كارەكەی، لەوانەیە زیان بە ڕێكخراوەكەت بگەیەنیت زیاتر لەوەی كە سوودی پێبگەیەنیت .

لەبەرئەوە ئامۆژگارییەكان یارمەتیت دەدەن لە :

- ئامادە بیت بۆ هەڵس وكەوت كردن لەگەڵ میدیاكاندا ، چ لەسەر ئاستی تاكەكەس یان ئاستی ڕێكخراوەیی .
- بیر لە شێوازی هەڵس وكەوتی ڕێكخراوەكەت بكەیتەوە لەگەڵ میدیاكاندا – چ لەو سیاسەتەی كە پشتی پێدەبەستیت یان دەیگریتەبەر .
- لە شێوازی كاری میدیاكان بگەیت و پاشان ڕێگەی كاركردن لەگەڵیاندا .

- زياتر ئامادە دەبيت بۆ ئەنجام دانی ديمانە لەگەڵ ميدياكاندا ئەگەر داواكارييەكی لەوشێوەيەت ئاراستەكرا.
- بە متمانەيەكی زياترەوە هەڵس وكەوت بكەيت لەگەڵ ميدياكاندا .
- بڕيار بدەيت كە ئايا ڕەزامەند بيت بۆ ئەنجام دانی ديمانەكە ، بۆ وەڵامدانەوەی داواكارييەكەی. لەم چوارچێوەيەدا داواكارين كە بگەڕێتەوە بۆ بەشێكی داواتر لەم ڕێبەرە لەژێر ناونيشانی : *ئايا ڕازی دەبيت بە ئەنجام دانی ديمانەكە يان ڕەتی دەكەيتەوە؟*

## شێوازی كاری ميدياكان (How the media works)

ئەكەر ڕێكخراوەكەت بيری لەوەكردەوە كە پێويستی بەوەيە كە بە قوڵی بڕوانێتە شێوازی هەڵس وكەوتی لەگەڵ ميدياكاندا . لە كوێوە دەست بە توێژينەوەكەت دەكەيت ؟ لە ڕاستيدا پێويستە دەزگا ميدياكان بناسيت و شارەزا بيت لە شێوازی كاركردنيان . لەبەرئەوە لێرەدا برەو بە زانيارييەكانت دەدەين دەربارەيان.



ميدياكان دوو جۆر لە لێكۆڵينەوەی هەواڵی بڵاوكەنەوە – ليكۆڵينەوە هەواڵيیە دڵتەزێنەكان و لێكۆڵينەوە دڵ خۆشكەرەكان . لێكۆڵينەوە هەواڵيیە دڵتەزێنەكان ئەو ڕووداوە ساتيانە دەخەنەڕوو كە پەيوەستە بە ڕووداوە ترسناكەكانەوە وەك بەكۆمەڵكوژيەك ، يان ئاشكراكردنی مافيايەكی جيهانی ماددە هۆشبەرەكان ، يان خستنەڕووی گەندەڵی لە يەكێك لە كۆمپانيا جيهانيە ناودارەكان .

وە زۆربەی كات دوابەدوای هەواڵە دڵتەزێنەكان ئەو هەواڵانە دين كە دڵ خۆشكەرن ، كە هەوڵی دەرخستنی ڕادەی كاريگەری لێكۆڵينەوە دڵتەزێنەكان دەدات لەسەر خەڵكی ، بۆ نموونە كاتێك باسی دۆزينەوەی چارەسەرێكی كاريگەر بۆ بەرگريكردن لە نەخۆشی ئايدز – لەسەر بنچينەی ئەوەی كە نەخۆشييەكە هەواڵە دڵتەزێنەكەيە . ئەمە مانای وايە كە هەواڵی دواتر ، ئەوەی كە باسی كرداری دۆزينەوەی چارەسەرەكە ، هەواڵێكی خۆشتر دەنوێنێت .

لە نموونەی لێكۆڵينە هەواڵيیە دڵ خۆشكەرەكان وەك ، هەواڵە پەروەردەييەكان ، ڕووداوە پێكەنينيەكان ، يان ئەو چيرۆكەكانی كە باس لە ڕێكخراوێكی ژنانی سەركەوتوو دەكەن .

## کێن ئەوانەی کە خاوەنی بڕیارن ؟

وا باشترە کە پێکهاتەی فەرمانبەرانی ڕۆژنامە و ئیزگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بزانیت ، ئەگەر بە نیازیت پەیوەندی بە میدیاکانەوە بکەیت .

## لە ڕۆژنامەکاندا

لیرەدا پێکهاتەی ستافی هەواڵسازی ڕۆژنامەیەکی ناخۆی ناودار کە ڕۆژانە دەردەچێت دەخەینە ڕوو .

***سەرنووسەر*** بەرپرسە لە سیاسەت و ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە . هەروەها بەرپرسی یەکەم و کۆتایە لە ووردی ڕۆژنامەکە لە گواستنەوە و کوالیتی هەواڵەکاندا . بەڵام هەوڵسازەکانی (محررون) دیکە هاوکاری دەکەن لە ئەنجام دانی کارەکانیدا .

***سەرنووسەر*** پرسیار لە بەشی هەواڵەکان دەکات سەبارەت بە جۆری ئەو هەواڵانەی کە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاودەکرێتەوە . هەروەها کاری لێکۆڵینەوە جیاوازەکان دەسپێرێتە ڕۆژنامەنووسەکان ، وە ڕۆژانە کۆبوونەوەیان لەگەڵدا ئەنجام دەدات بۆ ڕێك کەوتن لەسەر پلانی کارکردن ، وە لەبەرامبەردا دەستکەوتنی ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە چۆنێتی بەرێوەچوونی لێکۆڵینەوەکان .



بەڵام ***پاریدەدەری یەکەمی سەرنووسەر*** بەردەوام کاردەکات بۆ پارێزگاری کردن لە ئاستی ڕۆژنامەکە و توانای لە سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرانی .

هەروەها بەرپرسی ژووری ***هەواڵ ڕۆژنامەنووسەکان ئاراستە دەکات*** ، کە هەڵدەستن بە پێداچوونەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە لایەن ڕۆژنامەنووسەکانەوە بەرزدەکرێنەوە ، و ئامادەی دەکەن بۆ بڵاوکردنەوە . وە هەروەها ئەمانە بە پەرۆشن بۆ ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکان ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەو لایەنانەی کە سەرنجی خوێنەران بۆ خۆی ڕادەکێشێت ، هەروەها دڵنیا دەبنەوە لە نەبوونی هەڵەی نووسینی و زمانەوانی . وە هەروەها یارمەتی دەدەن لە دیزاینی هەندێ لە لاپەرەکانی ڕۆژنامەکە ، وە داڕشتنی ناونیشانە سەرەکییەکان ، بە هاوکاریکردن لەگەڵ هەواڵسازە پسپۆڕییەکان .

ڕۆژنامە ناودارەکان پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێك لە هەوڵسازی پسپۆری بەرپرس لە بوارە جیاوازەکان لە ڕۆژنامەکەدا ، وەك بوارەکانی پەرەپێدان و دارایی و سیاسی و تەندروستی ، وە ئەوانەی کە کاروباری کیشوەرێکی دیاریکراو ڕووپۆش دەکەن ، ئەمە جگە لەوەی کە ڕاپۆرتە ئامادەکراوەکان لە لایەن ڕۆژنامەنووسەکانەوە وەردەگرن . ئەوەی کە جێی نیشانەیە کە پلەی ئەم ڕۆژنامەنووسانە دەگۆڕێت بە گۆڕانی شارەزایی و لێهاتووییان لە نووسیندا .

***وێنەگرەکان*** هاوڕێیەتی ڕۆژنامەنووسەکان دەکەن لە گەشتەکانیاندا لە بەدواداچوونی هەواڵەکان ، پاشان وێنەکان دەگەیەننە هەواڵسازی وێنەگری.

لە ڕۆژنامە دیارەکاندا ، ڕۆژنامەنووسەکان بۆیان نیە کە بڕیار لەسەر شێوەی کۆتایی ڕاپۆرتەکانیان بدەن ، وە هەروەها بۆیان نیە کە پێشنیازی ناونیشانی بۆ بکەن . هەروەها بۆیان نیە ( تەنانەت ئەگەر لە پلەشدا لەئەوان نزمتر بن ) کە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانیان بسەپێنن بەسەر ڕۆژنامەکەدا . لە حاڵەتێکدا ئەگەر لێکۆڵینەوەکە بەدڵی هەواڵسازەکان نەبوو ، لەبەر هەر هۆیەك لە هۆیەکان ، ئەو کات مافی دەرنەکردینیان هەیە ، وە ئەنجامەکەشی بۆ ناو سەبەتەی خۆڵەکەیە .

پێویستە ڕۆژنامەنووسوکان پابەندبن بە کۆتا وادەوە کە ڕۆژنامە دیاری دەکات ، چونکە ئەمانیش دەکەونە ژێر فشاری دوا دەرفەتەوە کە پێویستە پابەندبن پێوەی ، کاتێ کە وێنەکان و لێکۆڵینەوەکان و ڕاپۆرتەکان دەنێرن بۆ چاپکردن . لەبەرئەوە ڕۆژنامەنووسەکان دەکەونە ژێر فشارێکی زۆرەوە لە کارەکانیاندا .

لەبەرئەوە وا باشە لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارەکان لە یەکێك لە ڕۆژنامەکان یان هەر دەزگایەکی میدیایی تردا شارەزا بیت ، بۆ



ئەوەی لە سروشتی ئەو فشارانە تێبگەیت کە ڕۆژنامەنووسەکان تیایدا دەژین لە کاتی پەیوەندی کردنت پێوەیان .

### لە ئیزگە ڕادیۆیەکاندا :

لە ئیزگەیەکی ناوخۆیی گەورەدا ، ***بەڕێوەبەری*** ئیزگە لە لووتکەی هەرەمەکەدایە ، بەدوایدا بەشە جیاوازەکان دێت ، لەوانەش بەشەکانی هەواڵ ، وەرزش ، میوزك ، کڕین و فرۆشتن ( مارکێتین). وە لەبەرئەوەی ئەگەری زۆرترە کە بەشی ***هەواڵەکان*** پەیوەندیت پێوە بکەن ، زیاتر لە بەشەکانی دیکە، چ هەواڵەکە ناخۆش بێت یان نا ، لێرەدا هەیکەلییەتی ستافی هەواڵسازی لەم بەشە دەخەینە ڕوو .

***بەڕێوەبەری بەرهەم هێنان*** ( بەرهەم هێنەری جێبەجێکار) لێپرسیارێتی تەواوی پەخشکردنی هەواڵەکان دەگرێتە ئەستۆ ، وە هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پێویستیان بە دواداچوون هەیە ، لە کاتێکدا ***ئامادەکارەکان*** بەرپرسن لە بەرنامە دیاریکراوەکان ، وەك بەرنامەی هەواڵی بەیانیان . ئامادەکار ئەو بەرنامانە دیاری دەکات کە پێویستە پەخش بکرێت ، وە لە ئەرکەکانی دڵنیابوونە لە کوالیتی بەرنامەکان . ***ڕۆژنامەنووسەکان*** ، پاش هەستانیان بە گەشتەکانیان بە ئامێرێکی تۆمارکردن و دەفتەرێکی تێبینیەوە، ڕاپۆرتەکانیان بەرزدەکەنەوە. وە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ ئیزگە ، تیمە تەکنیکیەکان

هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە لە کوالیتی دەنگەکان و کاروبارە تەکنیکیەکانی دیکە.

## لە ئیزگە تەلەفزیۆنیەکاندا

بۆت دەردەکەوێت کە بەرپرس لە هەواڵەکان بەتەواوەتی لە ئیزگەیەکی تەلەفزیۆنی گەورەدا ***بەڕێوەبەری ژوری هەواڵەکانە*** . بەپەرۆشە لەسەر کۆکردنەوەی هەواڵەکان ، هەروەها دڵنیا دەبێت لە کاری بەرهەم هێنان .

***بەڕێوەبەری باڵای بەرهەم هێنان*** یارمەتی بەڕێوەبەری هەواڵەکان دەدات بەهەموو ڕێگاییەك ، بە تایبەتیش ئەو بەپەرۆشە لەسەر ووردی لێکۆڵینەوە هەواڵییەکان و پارێزگاریکردنی لە هاوسەنگی بێ لایەنی.

***ئۆفیسی تەلەفزیۆن*** لێکۆڵینەوە هەواڵییەکان وەردەگرێت ، پاشان بەپێی پێشەنگی ڕیزبەندیان بۆ دەکات ، هەروەها هەڵدەستێ بە دابەش کردنی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پێویستیان بە ڕووپۆش کردنە بەسەر ڕۆژنامەنووسەکاندا . بەڵام ئۆفیسی پلان دانان ، بەرپرسە لە دانانی پلانی ئایندەیی ، بۆ نموونە ، ئەو لێکۆڵینەوەیانەی کە پێویستان بە پیداچوونەوە هەیە وە چۆنێتی ئەنجام دانیان .



وە ***کۆمەڵێك لە ئامادەکاران*** هەڵدەستن خوێندنەوە و دارشتن بۆدڵنیا بوون لە ڕووپۆش کردنی ڕوداوەکان ، لە کاتێکدا ***بەڕێوەبەری بەرهەم*** بەرپرسە لەو بابەتانەی کە لە هەواڵەکاندا پەخش دەکرێت.

***بەڕێوەبەری ستۆدیو*** ، بەرپرسە لە هەر شتێك کە لە ژووری تۆمار ، لە وێنەگرتن و ڕوناکی و دەنگ بۆ نمونە . وێنەگرەکان هاوڕێیەتی ڕۆژنامەنووسەکان دەکەن لە گەشتەکانیاندا کە پێی هەڵدەستن بۆ گەڕان بە شوێن ڕووداوەکاندا . وە لەم گەشتانەدا ڕۆژنامەنووس هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری و تۆمارکردنی تێبینیەکان ، پاشان ئەو کەسانە دیاری دەکات کە دەیەوێت دیمانەیان لەگەڵدا ئەنجام بدات ، لە کاتێکدا وێنەگرەکە وێنە پێویستەکان دەگرێت ، لەوانەش وێنەگرتنی ڕۆژنامەنووسەکە کاتێك کە باس لە هەندێ لە ڕووداوە دەکات لە شوێنی ڕووداوەکەدا .

بەم شێوەیە ***خێزانی هەواڵ سازی*** بە هاوکاری لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکە ، هەڵدەستن بە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکە وەك دەستپێشخەریەك بۆ پەخشکردنی . بۆ نمونە لەوانەیە سەرپەرشتی ئامادەکردنی شریتێکی وێنەگیراو و تێکەڵ کردنی دەنگەکان بکەن .

## ئایا ڕەزامەند دەبیت بە ئەنجام دانی دیمانەیەك یان ڕەتی دەکەیتەوە؟ (An interview ? Yes or no)

هەواڵە سەرنج ڕاکێشە گواستراوەکان گرنگی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کارەکانیان دەشارنەوە .

لەبەرئەوە پێویستە پلانێکی ستراتیژی دابڕێژین بۆ بەکارهێنانی میدیاکان لە پێناو بەهێزکردنی وێنەی ڕێکخراوەکانماندا.

**ئەو دەستکەوتانە چین کە لەوانەیە بەدەستی بهێنیت ؟**

با ئەو دەستکەوتانە بخەینە ڕوو کە بەدەستی دەهێنیت لە کاتی ڕازی بوونت بە ئەنجامدانی دبمانەیەکە لەگەڵ یەکێك لە میدیاکاندا .

- ئاشنا بوونی هەزارەها کەس بە ڕێکخراوەکەت ، وە ئەو کێشانەی کە لەپێناویدا تێدەکۆشێت وە هەروەها کارەکانی دەناسن .
- ئەم دیمانەیە ، دەرفەتی بڵاوکردنەوەی ئەو کێشانەی کە ڕێکخراوەکەت دەیخاتە ڕوو ، بۆ دەڕەخسێنێت . لە زۆربەی کاتەکاندا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پشت ڕووداوەکانەوە (خلف الکوالیس) کاردەکەن ، لە کاتێکدا کە پێویستە



جیهان بەئاگا بێت لە سروشتی کارەکانیان کە مەبەستی بەدەستهێنانی گۆرانێکی پۆزەتیفانەیە .

- دەتوانیت سوود لەم دەرفەتە وەربگریت بۆ کارکردنە سەر بۆچوونی خەڵکی و هەستیان و هەروەها هەڵس و کەوتیان .
- ئەگەری هەیە کە پاداشتی چاك بەدەست بهێنیت بەرامبەر بە کاتێکی کەم لەم دیمانەیەدا .

## ئەو زیانانە چین کە لەوانەیە دووچارت ببن ؟

با ئەو زیانانە بخەینە ڕوو کە دووچارت دەبنەوە بەهۆی ئەم دیمانەیەوە :

- ئەگەر خۆت ئامادە نەکردبوو بۆ ئەنجام دانی ، زۆر دڵنیا نەبوویت لەو ڕاستیانە کە لەبەردەستتدایە ، لەوانەیە زیان بە ڕێکخراوەکەت بگەیەنیت زیاتر لەوەی کە سوودی پێبگەیەنیت . وە ئەگەر لە مەبەستەکەمان تێناگەیت ، بگەڕێرەوە بۆ بەشی پێشوو کە باسی لە گرنگی ناسینی میدیاکان دەکرد .

- ئەگەر مەبەستی ڕۆژنامەنووسەکە خستنەڕووی وێنەکی ناشرین بێت دەربارەی تۆ ، ئەمە زیانت پێدەگەیەنێت . لێرەوە پێویستت بە دڵنیابوونە لە بەرژەوەندیەکانی دەزگا میدیایەکەیە ، وە دەستکەوتنی زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو بەرنامەیە یان ڕۆژنامەیەی کە داوای دیمانەکەی ئاڕاستە کردوویت .

## شێوازی بەڕێوەبردنی دیمانە (How to handle interview)

با وای دابنێین کە ڕێکخراوەکەت یارمەتی دانیشتوانە ڕەسەنەکان دەدات بۆ تێکۆشان لە پێناو گەڕانەوەی زەوی و زاری باوباپیرانیان کە لە سەردەمی داگیرکەراندا لێیان زەوت کراوە ، وە فرۆشراوە بە ئەو جوتیارانەی کە لەو شوێنەدا نیشەجێ بوون. وە کۆمەڵێکی دیاری کراو سەرکەوتوو بوون لە گەڕاندنەوەی زەوییەکانیان پاش هەوڵێکی زۆر ئەم ڕووداوە گرنگیەکی هەواڵی هەیە- کە تا ڕادەیەکی زۆر لەو راستیدا خۆی دەبینێتەوە . کە ئاماژەیە بۆ بوونی کۆمەڵێك بۆچوون ، وەك بۆچوونی ئەو دانیشتوانانەی کە ماوەیەکی زۆرە زەویەکانیان داگیر کراوە ، وە ئەو کە تایبەتە بە ئەو جوتیارانەی کە ناچارکراون



زەوییەکانیان بفرۆشن تا حکومەت بتوانێت بیگەڕێنێتەوە بۆ دانیشتوانە ڕەسەنەکانیان ، شان بەشانی بۆچوونی هەریەکە لە حکوومەت و ڕێکخراوی داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ ، وە هەندێ بۆچوونی دیکە . وەلەبەر ئەوەی کە ئەم ڕووداوە هەموو بنەماکانی بەردەوام بوونی داهاتوویی دەگرێتەخۆ ، میدیاکان هەوڵی بەدواداچونی دەدەن ، چونکە وا پێشبینی دەکەن کە زیاتر لە چیرۆکێکیان دەست بکەوێت لە ڕۆژانی یان هەفتەکانی دواییدا .

وە ئەمەش تەنها هەواڵێکە لە یەکێك لە تێکۆشانە سەرکەوتووەکانی ڕێکخراوەکەت . بەم بۆنەیەوە ، پەیوەندیت پێوەکراوە بۆ ئەنجام دانی دیمانەیەك . بەڵام ڕێکخراوەکەت ڕانەهاتووە لەسەر هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ میدیاکاندا ، وە پێویستی بە چەند سیاسەتێکە لە کاتی دیمانەکەدا .

- ئایا ڕازی دەبیت بە ئەنجامدانی دیمانەکە ؟
- ئەو هۆکارانە چین کە وات لێدەکات کە ڕازی بیت بە ئەنجامدانی ؟
- ئەو هۆکارانە چین کە وات لێدەکات رەتی بکەیتەوە ؟

- چۆن بەڕێوەی دەبەیت ئەگەر ڕازی بوویت بە ئەنجامدانی ؟
- ئەو پەیامە سەرەکییانە چین کە خواستی گەیاندنیت هەیە؟
- چۆن هەڵس وکەوت دەکەیت لەگەڵ لایەنی ڕێکخستنیەوە ؟

## ڕێساکانی ئەنجامدانی دیمانەکان

دەتوانرێت ڕەچاوی چەند ڕێسایەك بکرێت لە کاتی ئەنجامدانی دیمانەیەکاندا لەگەڵ یەکێك لە ڕۆژنامەکان یان وئێزگەکان یان کەناڵە تەلەفزیۆنیەکاندا . وە دەتوانرێت ڕێسا گشتیەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتبکرێتەوە :

## کۆتا وادەی دیاریکراو

- میدیاکان زۆر بە پەرۆشی ڕێزگرتنی کۆتا وادەی دیاریکراوەوە .
- ڕێزی کۆتا وادەی دیاریکراو بگرە ئەگەر نا دەرفەتی گەیاندنی دەنگت لەدەست دەدەیت .



- پێویستە ئەو ڕۆژنامەیەی کە بەیانیان دەردەچێت چابەند بێت بە کۆتا وادەی دیاریکراوەوە لە کۆتایی ئێوارەدا ، لە کاتێکدا ئەو ڕۆژنامەیەی کە ئێوارە دەردەچێت پابەند بێت بە کۆتا وادەی دیاریکراو لە بەیانی زوودا . هەروەها کۆتا وادەی دیاریکراو بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە جیاوازە لەگەڵ کۆتا وادەی دیاریکراو بۆ ڕۆژنامەیەکی هەفتانە . بەڵام دیمانە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنیەکان ، وا پێویست دەکات کە پێش چەند کاتژمێرێك لە پەخشکردنی ئەنجام بدرێت ، ئەگەر بۆ پەخشی ڕاستەوخۆ ئامادە نەکرابێت، هەروەها پێویستە هەواڵە بە پەلەکان کە میدیا ئەلکترۆنیەکان دەیگوێزێتەوە پێش کاتژمێرێك لە پەخشی بەرنامەکان ئامادە بکرێت .
- بگەڕێ بە شوێن کۆتا وادەی دیاریکراو بۆ ووتارەکە یان ئەو بەرنامەیەی کە دەبیتە میوان تێیدا .
- ڕۆژنامەنووسەکان لێکۆڵینەوە لە بابەتە دیارەکان دەکەن- کە هەندێ جار درێژە دەخایەنێت بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك ، یان چەند مانگێك ، بۆ گەڕان بە دوای چەند توخمێکی نادیار . بەڵام

لێکۆڵینەوە لەم قۆناغەدا ، لەوانەیە تەرکیزکردن لەسەر لایەنە جیاوازەکانی بابەتەکە بگۆڕێت . لەم لۆژیکەوە ، لەوانەیە ئەو ووتانەی  کە تۆ ئاماژەت بۆ کردووە لە دیمانەکەتدا نەگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆکی کۆتایی بابەتەکەدا ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی سڕینەوەی . هەست بە بێ هیوا بوون و نیگەرانی مەکە ئەگەر خۆت بینیەوە لەم بارەدا ، وە هەوڵی پەیوەندی کردنیش مەدە بە لایەنەیە پەیوەندیدارەکانەوە بە مەبەستی گلەیی کردن ، چونکە ئەم دۆخانە ڕوودەدات هەندێ کات .

- ئەگەر بۆت دەرکەوت کە ووتەکانت سڕاوەوەتەوە ، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووسەکە نیگەران بووە پێی ، بیربکەوەوە لەوەی کە ڕووی داوە و هەوڵ بدە وانەیەکی لێوە فێر بیت ، لەوانەشە وا پێویست بکات بە شێوەیەکی نافەرمی پەیوەندی پێوە بکەیت ، بەمەبەستی زانیاری هۆکارەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ- ئەگەر بە گونجاوت نەزانی ڕاستەوخۆ بابەتەکە بووروژێنیت .



- ئەگەر بینیت کە ووتەکانت سڕاوەتەوە بە هۆی هۆکاری سیاسیەوە ، هەوڵ بدە کە بەدواداچوون بۆ بابەتەکە بکەیت بە شێوازێکی بەسوود ، کە یارمەتیدەرت بێت لە بەدەستهێنانی شارەزاییەك و ئامادەکردنی ستراتیژیەکی گونجاو بۆ ڕێکخراوەکەت .
- پەیوەندییەکانت بەهێز بکە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکان و بەڵێنیان پێبدە کە بە هەموو شێوەیەك و بە پێی توانا یارمەتیان دەدەیت . چونکە لەوانەیە ئەم کارە یارمەتیت بدات کاتێك بە نیازیت ئەو ستراتیژیە میدیاییەی کە ڕێکخراوەکەت ئامادەی کردووە جێبەجێ بکەیت .
- هەر ڕۆژنامەنووسێك باس لە بابەتەکە دەکات لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە ، ئەمەش زاراوەیەکە کە ڕۆژنامەنووسەکان بەکاری دەهێنن بۆ دەلالات کردت لەو بابەتەی کە تەرکیزی دەخەنەسەر لە هەواڵەکە یان بەرنامەکەدا . بۆ ئەو بابەتەی کە لە پێشتردا باسمان کرد سەبارەت بە گەڕاندنەوەی زەوی دانیشتووە ڕەسەنەکان ، لەوانەیە دەزگایەکی

میدیایی حەز بکات دیمانەیەکت لەگەڵدا ئەنجام بدات بۆ پرسین دەربارەی کێشەی نێوان دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ناوچەکەو جوتیارە نیشتەجێ بووەکان .

- **گرنگی لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئاستی هەواڵ**

بە شێوەیەکی گشتی کاتێك بانگێشتی ئەنجام دانی دیمانەیەك دەکرێیت ، بۆ ئەوەیە کە تیشکی زیاتر بخەیتە سەر بابەتێك کە گرنگیەکی هەواڵی هەبێت ، یان بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر یان گوێکر یان بینەرانە .

دەزگا میدیاییەکان دەگەڕێن بە شوێن ئەو لێکۆڵینەوانەی کە :

- هەواڵی نوێ دەگرێتەخۆ .
- ئەو بۆچوونانە دەخاتەڕوو کە پێشتر نەخراوەتە ڕوو .
- گرنگە .
- سەرنجڕاکێشە .
- پەیوەستە بە ژیانی ڕۆژانەی خوێنەر یان بیسەر یان بینەرەوە .



پێویستە ڕەچاوی کەسایەتی ئەو خوێنەرانە یان بیسەرانە یان بینەرانەی کە ووتارەکەیان ئاراستە دەکەیت بکەیت ، بە شێوەیەك کێشەکەت بخەیتەڕوو کە بگونجێت لەگەڵ ڕێبازی ژیانیاندا . جگە لەمانە دەتوانیت ، کە چیرۆکەکە بە شێوەیەك بگێڕیتەوە کە جێی ڕەزامەندی ڕۆژنامەنووسان بێت .

## چەند ئامۆژگارییەك بۆ باش بەڕێوەبردنی دیمانە

زۆرن ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە هاندەری هەڵوێستە دیموکراسییەکان و ئەو بڕیارە بەکۆمەڵانەن کە دەیدەن . جا ئەگەر دەزگایەکی میدیایی بانگێشتی ئەنجامدانی دیمانەیەکی کرد لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەت ، لەوانەیە ڕێکخراوەکەت بەباشی بزانێت کە گفتوگۆی بابەتەکە بکات یەکەم جار . ئەمەش بە کرداری لەو ڕێکخراوانەدا ڕوودەدات کە پێکهاتەیەك یان سیاسەتێکی پشت پێبەستراویان نیە لە کرداری پەیوەندی کردن بە میدیاکانەوە .

لەوانەیە ڕێکخراوەکە پێویستی بەوە بێت کە بڕیار بدات کە ئایا کەسی بانگێشتکراو گونجاوە بۆ ئەنجامدانی دیمانەکە ، یان ئایا

ئارەزووی ئەنجامدانی هەیە ، وە لەوانەشە وای ببینێ کە سەروەکی ڕێکخراوەکە شایەنی ئەوەیە کە ئەو دیمانەیە ئەنجام بدات . بەڵام ڕۆژنامەنووسەکە ئەوەندەی کات نیە –لەوانەشە تەنانەت 30 خولەکیشی نەبێت بۆ زانینی وەڵامەکەت . لێرەوە ، ئەگەر ڕێکخراوەکەت بڕیاری ڕەتکردنەوەی دیمانەکە نەدات ، ئەو کاتە ناچار دەبێت هاوسەنگیەك ڕابگرێت لە نێوان ڕێبازی ناوخۆیی و ڕێزگرتنی خواستەکانی ڕۆژنامەنووسەکە و کۆتا وادەی دیاریکراودا .

بیر لەو کەسانە بکەرەوە کە زۆرترین دیمانەیان لەگەڵدا سازکراوە ، وە بۆچوونێکی ئەرینیان لات دروست کردوە و زۆرترین کاریگەریان تێکردوویت . پاشان لیستێك دابنێ کە دەست پێبکات بە: *ناوی ئەو کەسانەی کە زۆرترین هەستی ئەرینیان دروست کردوە لات* ، لە کاتی ئەنجامدانی دیمانەکان لەگەڵیاندا ، ئەوانەن کە .....

پێی دەچێ لیستەکەت ئەو کەسایەتیانە بگرێتەخۆ کە ئەم ڕوخسارانەیان تێدا بێت :

- ڕاستگۆیی
- راست رەو



- سادەیی
- دەست پاکی
- شایەنی گۆڕان بێت
- ووزەیەکی باش
- پەرۆشی
- تامەزرۆی زۆری بابەتەکەیە
- پێشکەشکردنی زانیاری بەسوود و باوەڕپێکراو
- ڕوخسارێکی گونجاو لەگەڵ بابەتەکە
- هاوبەشیکردنی خەڵکی لە تاقیکردنەوە ڕاستیەکاندا
- ئاخاوتن بە زمانێکی سادە

پاشان لیستێك ئامادە بکە بە ناوی ئەو کەسانەی کە دیمانەیان ئەنجام داوە و ئەو هەستە بەهێزەیان لات دروست نەکردووە ، کە دەست پێبکات بەمانە : *ئەو کەسانەی کە هەستێکی بەهێزیان لات دروست نەکردووە* ئەوانەن کە :

ئایا ئەم سیفەتانەی خوارەوەت بە خەیاڵدا هاتووە ؟

- زۆرداری ( دیکتاتۆری )
- خۆ بە گەورەزانی
- بێ ڕێزی

- زۆر بلێ
- خستنەڕووی بۆچوون بەهەرشێوەیەك بێت ، تەنانەت ئەگەر وا پێویست بكات كە قسەی یەكێك لە بەشداربووان ببڕێت لەكاتی وەڵامدانەوەی یەكێك لە پرسیارەكاندا
- نەبوونی شارەزایی لە بابەتەكە
- ئاخاوتن بە دەنگێكی زۆر بەرز
- ئاخاوتن بە زیرەكیەكی ڕادەبەدەر
- نەبوونی متمانە بەخۆبوون
- ئاخاوتن بە شێوازێكی تێوری خاڵی لە جێبەجێكردن
- بەكارهێنانی زۆری زاراوەی پسپۆری

## پێش دیمانەكە

زۆرن ئەو هەنگاوانەی كە پێویستە بیریان لێبكەیتەوە پێش ئەنجامدانی ، كاتێك كە ڕەزامەندی نیشان دەدەیت بۆ ئەنجامدانی هەر دیمانەیەك . چونكە ناتوانیت ئامادەكارییەكانت چڕبكەیتەوە لە ماوەی پێش ئەنجامدانی دیمانەكەدا ، ئەویش لەبەر كەمی كات ، بە تایبەتیش ئەگەر داواكارییەكە لەناكاو بێت . بەڵام هەوڵی خۆت بدە بۆ خۆئامادەكردن ، چونكە ئەو ئەركەی كە لەم پێناوەدا دەیكەیت بە سوود دەگەڕێتەوە بۆت .



*زانینی پێشینەی (خلفیە) دەزگا ڕاگەیاندنەكە*

- زۆر بەسوودە كە بزانیت كێ خاوەنی ڕۆژنامە ، یان وئێزگە ڕادیۆ ، یان تەلەفزیۆنەكەیە ، وە كێ كۆنترۆڵی دەكات، وە ئاڕاستەكانی چین . ( زانیاریمان خستەڕوو سەبارەت بەم بابەتە لە بەشێكی پێشوو لەم ڕێبەرەدا ).
- ئایا دەتوانیت سەیری چەند پێگەیەك بكەیت لەسەر ئەنتەرنێت بۆ دەستكەوتنی زانیاری زیاتر دەربارەی میدیاكان ؟
- ئەوەت لە یاد نەچێت كە ووشەی كۆتایی بۆ هەواڵسازی سەرپەرشتیارە لەسەر كاری ڕۆژنامەنووسەكە !

*چۆنێتی وەڵامدانەوەی داواكاری ئەنجامدانی دیمانەكە*

كاتێك ڕۆژنامەنووسێك بانگێشتت دەكات بۆ دیمانەیەك :

- لێهاتوو بە لە هەڵس و كەوت كردن لەگەڵیدا .
- سوپاسی بكە لەبەرئەوەی بانگێشتی كردوویت بۆ ئەم مەبەستە .
- هەوڵ بدە كە بزانیت چۆن ڕێكخراوەكەتی ناسیوە .

- هەوڵ بدە بزانیت بۆچی ڕێکخراوەکەتی هەڵبژاردوە بۆ ئەم دیمانەیە .
- هەوڵ بدە بزانیت بۆچی تۆیان هەڵبژاردوە لە نێوان کەسەکانی تردا بۆ ئەم دیمانەیە .
- هەوڵ بدە بزانیت چ بەشێك لە ڕۆژنامە ، یان چ بەرنامەیەك ، بانگێشتەکەی ئاڕاستە کردووی .
- دڵنیا بە لەو خاڵەی هەواڵەکە یان بەرنامەکە دەیەوێت تیشکی بخاتەسەر .
- لەوانەیە ناچاربیت کە داوای لێبکەیت کە دواتر پەیوەندی پێوە دەکەیت ، بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی خۆتی سەبارەت بە دیمانەکە پێ ڕابگەیەنیت . چونکە ئەگەری هەیە ڕێکخراوەکەت سەپاندبێتی بەسەرتا کە ئاگاداری بکەیتەوە لە هەموو بانگێشتێك کە ئاڕاستەت دەکرێت لەلایەن میدیاکانەوە سەبارەت بەم پرسە ، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر ئەنجامدانی دیمانەکە . یان دەیەوێت دڵنیا بێت لە ئەگەری بوونی کەسێکی دیکە ، کە لە تۆ شیاوترە بۆ ئەم دیمانەیە – بە بۆچوونی ئەو . وە یان خوازیاری گەڕانە بە شوێن هەندێ هزر و بۆچوون کە دیمانەکە دەوڵەمەند بکات ، یان – لە هەموو



ئەمانە گرنگتر – ڕوونکردنەوەی ئەو پەیامە سەرەکییانەی کە ڕێکخراوەکەت بە نیازە بڵاوی بکاتەوە . بەڵام پێویستە کە پەیوەندی پێوە بکەیتەوە لە ماوەی پێنج یان دە خولەکدا ( یان ماوەی چاوەڕوانکردنی لە 30 خولەك تێپەڕ نەکات) ، ئەگەر نا ئەم دەرفەتە لەدەست دەدەیت . ئەوەی کە شاراوە نەبێت لات ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسەکە، لەم کاتەدا ، دەگەڕێت بە شوێن کەسێکی دیکەدا کە دیمانەکەی لەگەڵدا ئەنجام بدات ، ئەمەش وات لێدەکات ئەم دەرفەتە بە ئاسانی لەدەست بدەیت . چونکە میدیاکان لە کارەکانیاندا ڕەچاوی ئەو کاتە ناکات کە تۆ دیاری دەکەیت ، بەڵکو پەیوەستە بە کاتەکانی خۆیەوە .

- هیچ بانگێشتێك ڕەت مەکەرەوە تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە بۆت دەرکەوێت کە ئەم دیمانەیە زیان بە ڕێکخراوەکەت دەگەیەنێت نەك سوود .
- ئەگەر بانگێشتی دیمانەیەکت ڕەتکردەوە ، پێویستە هۆیەکی گونجاوت هەبێت . پرسیار لە ڕۆژنامەنووسەکە بکە کە ڕێگایەکی دیکە نیە کە بتوانیت یارمەتی بدەیت ، بۆ نموونە پێدانی ئامارێکی دیاریکراو ، یان چەند

نووسراوێکی گشتی سەبارەت بە بابەتەکە ، یان هەر سەرچاوەیەکی دیکە .

***خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی دیمانەکە***

خۆت ئامادەبکە بۆ دیمانەکە هەر چەندە ئەو کاتەی کە لەبەردەستدایە کەمیش بێت .

***پێشبینی ئەو پرسیارانە بکە ئەگەری هەیە ئاراستەت بکرێت***

- پێشبینی هەندێ لەو پرسیارانە بکە ، لە لیستێکدا تۆماریان بکە . وە هەوڵ بدە گفتوگۆ بکەیت لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوەکەت سەبارەت بە ئەو پرسیارانەی کە لەوانەیە ئەم ڕۆژنامەنووسە ئاراستەتی بکات .
- بەدوای ئەو وەڵامانەدا بگەڕێ کە ڕێکخراوەکەت پشتی پێدەبەستێ بۆ پرسیارە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەنووسەکە ، کە خۆی دەبینێتەوە لەمانەدا :
  کێ ؟ چی ؟ لەکوێ ؟ بۆچی ؟ وەچۆن ؟
- هەندێ لە ئامارانە ئامادە بکە کە پەیوەندی بە بابەتی دیمانەوەکەیە هەیە ، ئەگەر ئەمە گونجاو بوو .

***ڕوون بە لە خستنەڕووی پەیامە سەرەکییەکەتدا***



- ڕاوێژ بکە لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوەکەت سەبارەت بەو پەیامە سەرەکییەی کە ڕێکخراوەکەت بەنیازە بڵاوی بکاتەوە ، بۆ ئەوەی بتوانیت لە دیمانەکەدا بە ڕوونی بیگەیەنیت .
- هەوڵ بدە پەیامەکانت کورت بکەیتەوە بۆ سێ پەیام ، ئەگەر نا ئەوا ناتوانیت کاریگەری داواکراو بەدەست بێنی ، بۆ زانیاری ئاراستەکردنی تەنها یەك پەیام کە کاریگەری لە بیردا بمێنێتەوە باشترو کاریگەرترە .
- سەبارەت بە دانیشتوانە ڕەسەنەکانی کە دەیانەوێت زەوییەکانیان بگەڕێنەوە ، دەتوانیت پەیامە سەرەکیەکەت بەم شێوەیە وەرگێریت : سەرکەوتنێکمان بەدەست هێناوەو بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ دەگێڕین .... پاشان پەیامی بەدواداچوون : بە هیوای بەدەستهێنانی سەرکەووتنی زیاترین ..... چونکە شەش هەزار کەس ، کە سەر بە 20 کۆمەڵەن ، تا ئێستا کۆشش دەکەن لە پێناو بەدەستهێنانی مافی گەڕانەوەیان بۆ زێدی باو و باپیرانیان ..... ئەو پەیامەی کە ووتەکانتی کۆتایی پێ دەهێنیت کورتی بکەرەوە بە : پەیوەندی بکەن بە

ڕێکخراوەکەمانەوە ئەگەر خوازیاری یارمەتین بۆ سەرکەوتنی ئەم کەمپینە (حملە).

- پەیامەکانت تۆمار بکە و لەبەر دەستدا دایبنێ بۆ ئەوەی لە بیرت نەچێتەوە .
- پێویستە هەر پەیامێك وەك ناونیشانێکی سەرەکی دیاری بکەیت .
- وە بە گەڕانەوە بۆ نموونەکەی پێشوو ، دەتوانیت ئەم ناونیشانانە دیاری بکەیت :
  1) چ سەرکەوتنێکە !
  2) تا ئێستاش دانیشتوان بەردەوامن لە تێکۆشان بۆ گەڕانەوەی زەوییەکانیان .
  3) بەشداری بکەن لە کەمپینەکەماندا- ئەمەش هەموو زانیارییە پێویستەکانە بۆ پەیوەندی کردن پێوەمان .
- لەوانەیە دەرفەتی گەیاندنی ڕاستەوخۆی پەیامەکانت بۆ نەڕەخسێت لە کاتی دیمانەکەدا ، چونکە پرسیارەکان تیشکیان نەخستەسەری . پێویستە سور بیت لەسەر ئاماژە دان بە پەیامەکانت بە شێوازێکی گونجاو لەکاتی دیمانەکەدا . وە دڵنیا بە لەوەی کە دەتوانیت سەرکەوتوو



بیت لە گەیاندنی ئەگەر بە ڕوونی پەیامەکانت دیاری کردبێت ، وە ڕاهێنانت کردبێت لەسەر خستنەڕووی ، وە پێشبینی پرسیارە ئاڕاستەکراوەکانت کردبێت .

## جەماوەرەکەت بناسە

- پەیامەکەت بۆ چ جەماوەرێك ئاڕاستە دەکەیت ؟ چ شتێك سەرنجیان ڕادەکێشێ و چۆن دەتوانیت سەرنجیان ڕابکێشیت لەکاتی خستنەڕووی کێشەکەت ؟ بۆچوونیان چییە ؟ ئەزموونەکانیان ؟ بیروڕایان ؟ تەمەنیان ؟ ڕەچەڵەکیان ؟ ناسنامەیان ؟ ئایا سەر بە کۆمەڵگەیەکی دێ نشینن ؟ یان شارنشین ؟ بۆ چ چینێکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنەوە ؟.
- کاتێك جەماوەرەکەت تێکەڵاو بێت ، پێویستە پەیامەکەت زۆرترین توێژ بگرێتەوە ، بەپێی توانا . هەوڵ بدە لەسەر ئاستی کەسی هەستیان بجوڵێنیت .

## جوڵاندنی هەستی جەماوەرەکەت

- ئەگەر جەماوەرەکەت دژ بە ئامانجەکان و ڕێکخراوەکەت بن ، ئەو ڕێبازانە چین کە دەتوانیت پشتیان پێ

ببەستیت بۆ بەدیهێنانی لایەنگریان ؟ لەوانەیە پێویستت بە دەستکەوتنی هەندێ ئامار بێت ، یان بیرکردنەوە لە چەند پەندێك بۆ تیشك خستنەسەر بەهای پرسەکەت .

- خەڵکی گرنگی بە لێکۆڵینەوە هەواڵییەکان دەدات کە باس لە بابەتی مرۆڤایەتی دەکەن .
- بیر لە چۆنێتی ڕاکێشانی هەستی خەڵکی بۆ پرسەکەت بکەرەوە ؟
- چۆن وا لە جەماوەر دەکەیت پشتگیری لە پرسەکەت بکات ؟
- 

## لە کاتی دیمانەکەدا

- مەترسە ، بەڵکو هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە بۆ پارێزگاریکردن لە ئارامیت .
- زۆر ئاساییە کە لەسەرەتادا هەست بە جۆرێك لە پەشۆکاوی بکەیت ، ئەوە باشترە لەوەی کە زۆر متمانەت بە خۆت بێت .



- تۆ دیمانەیك ئەنجام دەدەیت بۆ خستنەڕووی بۆچوونێکی تایبەتی ، وە تیشك بخەیتە سەر لایەنێکی دیاریکراو لە لێکۆڵینەوەیەك ، وە بۆچوونێکی دیاریکراو ئاراستە بکەیت ، بە کورتی دەتەوێت بەهایەك بدەیت بە بابەتی دیمانەکە ، ئەمە وات لێدەکات کە هەست بە متمانە بەخۆکردن و بەهای خۆت بکەیت .
- وەڵامی هیچ پرسیارێك بە ( هیچ کۆمێنتم نیە ) مەدەرەوە ، بۆ ئەوەی وا نیشانی نەدەیت کە شتێکی شاراوەت هەیە ، بەڵکو هەوڵ بدە بەپێی توانا بە دروستی وەڵام بدەیتەوە ، ئەگەر نا زۆر بە زوویی متمانەی خۆت لەدەست دەدەیت لای جەماوەرەکەت .
- تەنها زانیارییە ووردەکان بخەرە ڕوو .
- ئامارە باوەڕپێکراوەکان پێشکەش بکە ، وە بە شێوەیەك پێشکەشی بکە کە بیرۆکەیەك لای خەڵکی دروست بێت دەربارەی ئەوەی کە باسی دەکەیت . بۆ نموونە بلێیت : لە کۆی سێ ئافرەت لەم وڵاتەدا یەك ئافرەت بەرەنگاری توندوتیژی دەبێتەوە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بەلێدان . ئەمە بۆ خەڵکی ئاسانە کە ئەم ئامارە سەیف بکەن و بیگوێزنەوە .

- ڕووخۆش بە .
- هیچ وەڵامیك مەدەرەوە پێش بیرکردنەوە لێی ، چونکە ناتوانیت ئەو قسەیە بگەڕێنیتەوە کە کردت، بەڵام زۆر مەخایەنە لە بیرکردنەوە !
- زۆر بە ووردی گوێ لە پرسیارەکە بگرە پێش وەڵامدانەوەی .
- جوان نیە کە هەوڵی خۆدزینەوە بدەیت ، لە کاتێکدا کە هەمووان ئەتوانن تێبینی ئەوە بەکەن کە چ کاتێك تۆ خۆت دەدزیتەوە لە وەڵام دانەوە .
- توڕەیی جەماوەر مەوروژێنە بە خۆدزینەوە لە وەڵام دانەوە ، لە کاتێکدا تۆ پێویستت بە بەدەستهێنانی لایەنگیریانە .
- باشترە هەندێ جار وەڵامی پرسیارە ئاڕاستەکراوەکان بەم شێوەیە بدەیتەوە : " بیرم لە ئەم پرسیارە دەکردەوە ..... ، " یان " پێخۆشحاڵم بەم پرسیارە چونکە ......." ، ئەمە متمانەبوونێك لای ڕۆژنامەنووسوکە دروست دەکات و وادەکات کە جۆرێك لە گونجاندن لە نێوانتاندا دروست بێت.



- لایەنی بەرگری وەرمەگرە بەرامبەر ئەو پرسیارانەی کە ڕەخنەت لێدەگرن ، بەڵکو خۆشحاڵی نیشان بدە بۆ هەموو پرسیارێك ، پاشان بە خێرایی بیری لێبکەرەوە پێش وەڵامدانەوە ی . ئەوەی جێگەی ئاماژەیە بواری بیرکردنەوەی زیاترت دەبێت لە کاتی ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ میدیا چاپکراوەکاندا ، وەك لەوەی کەلە دیمانەیەکی ڕادیۆی یان تەلەفزیۆنیدایە .
- بایەخ بدە بە ئاماژەدان بە ناوی ڕێکخراوەکەت بەلایەنی کەم یەك جار لە کاتی دیمانەکەدا ، وە ئەگەر لە توانادا بوو زیاتر لە جارێك ، بەڵام زیاد لە ڕادە ئاماژەی پێ مەدە .
- ئەگەر ڕێکخراوەکەت گرنگی دەدات بە پرسە وورد و ئاڵۆزەکان ، هەوڵ بدە کە ڕوونی بکەیتەوە بە زاراوە و وێنەی سادە وئاسان ، وەك پێشکەش کردنی وێنەیەك بۆ ئاماژەکردن بە زاراوەیەکی دیاریکراو ، یان هێنانەوەی پەندێك کە هەمووان بە ئاسانی لێی تێبگەن .

## پاش دیمانەکە

- هێمن بەرەو پشوویەك بدە . خۆت دەزانیت کە چی باشە بۆت .
- هەوڵی دەستکەوتنی ئەو زانیاریانە بدە کە پەیوەستە بە ئاکامەکانی دیمانەکەو کاریگەرییەکی لە ڕۆژنامەنووسەکە .
- داوا لە فەرمانبەران و ئەندامانی ڕێکخراوەکەت و هاوڕێ و ئەندامانی خێزانەکەت بکە کە ئاگادارت بکەنەوە لەو زانیارییە بەسوودانەی پەیوەستە بە کاردانەوەی باشی دیمانەکە .

## دیمانە ڕۆژنامەیی و ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنیەکان

radio and TV interviews،Newspapers

لەم بەشەدا ، تیشك دەخەینە سەر شێوازی ئەنجامدانی دیمانەکان لە دەزگا میدیا جیاوازەکاندا . بەڵام داواکارین بگەڕێیتەوە بۆ بەشێکی پێشوو کە باسی "چۆنێتی بەڕێوەبردنی دیمانە" ی دەکرد ، کە ڕێسا و ڕێنماییە گشتیەکانی کە پێویستە کاری پێ بکەیت خستەڕوو .



## چۆنێتی بەڕێوەبردنی دیمانە ڕۆژنامەنووسییەکان

لە باشیەکانی دیمانەی ڕۆژنامەنووسی نووسراو ئەوەیە کە "ئامادە نەکراوە بۆ پەخشی ڕاستەوخۆ" ، بە پێچەوانەی دیمانە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنیەکان . ئەمە وا دەکات تا ڕادەیەك فشارەکان لەسەرت کەم ببنەوە ، وە دەرفەتی زیاترت بۆ بڕەخسێنێت بۆ بیرکردنەوە پێش وەڵام دانەوەی پرسیارەکان ، وە ڕوونکردنەوەی زیاتر پێشکەش بکەیت ، ئەگەر پێویست بکات .

**پێش دیمانەکە**

پێش ئەنجامدانی دیمانەکە ، بزانە :

- ڕۆژنامەنووسەکە لە چ ڕۆژنامەیەك کاردەکات ؟
- جۆری ئەو ڕاپۆرتە چییە کە دەینووسێت- ئایا جۆرێکە لە ڕاپۆرتە دڵتەزێنەکان بۆ نموونە ، یان ڕاپۆرتە دیارە (زۆرباش ، دەرکەوتوو) قوڵەکانە ، یان ئامانجی بڵاوکردنەوەی کورتەیەکە دەربارەی ژیانی کەسایەتیەك ؟
- ئەو لایەنەی کە بە نیازە زیاتر دەریبخات لەکاتی خستنە ڕووی هەواڵەکەدا .
- چ بەشێك هەواڵەکە بڵاودەکاتەوە .

- پرسیاری لە کۆتا وادەی دیاریکراو بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە بکە .
- پرسیار بکە لەوەی کە ئایا دیمانەکە لە ڕێی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە دەبێت یان بە شێوەی کەسی، بۆ زانیاری ئەنجامدانی دیمانەی ڕووبەڕوو باشترە لە ئەگەری یەکەم – چونکە بواری ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونەکان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکە ، وە پتەوکردنی پەیوەندیت لەگەڵیدا بۆ دەڕەخسێنێت .
- کاتێك دیاری بکە بۆ دیمانەکە بە شێوەیەك کە کاتی گونجاوت هەبێت بۆ خۆئامادەکردن .
- پەیمان بە ڕۆژنامەنووسەکە بدە پەیوەندی پێوەدەکەیتەوە بەمەبەستی دڵنیا بوون لە ئەنجامدانی دیمانەکە ، ئەگەر پێویستی کرد . چونکە ئەم کارە پەیوەستە بە سیاسەتی ڕێکخراوەکەتەوە.
- لە سەرەتادا ئەو پەیامە سەرەکیانە دیاری بکە کە کاردەکەیت بۆ گەیاندنی سەبارەت بەم بابەتە، ئەگەر ڕێکخراوەکەت ڕەزامەند بوو بە ئەنجامدانی دیمانەکە لەلایەن تۆوە .



- ئامادە بە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەنووسەکە کە سەرچاوە دەگرێت لە : چی ؟ کەی ؟ لە کوێ ؟ کێ ؟ بۆچی ؟ وە چۆن ؟ .
- دەتوانیت هاوکاری ڕۆژنامەنووسەکە بکەیت بە پێشکەشکردنی چەند زانیارییەکی پێشینە( الخلفیە) دەربارەی بابەتەکە ، پێش دیمانەکە – زۆر جار ڕۆژنامەنووسەکان سوپاس گوزارشتی ئەم هەڵوێستەت دەبن .
- بیر لەوە بکەرەوە کە چەند وێنەیەکی تایبەت بە ڕێکخراوەکەت بدەیت بە ڕۆژنامەنووسەکە ، وە پێشنیاری ئەوەشی بۆ بکە . چونکە هەواڵی هاوپێچ بە وێنەوە سەرنجی خوێنەر زیاتر ڕادەکێشێت .

## لە کاتی دیمانەکەدا

- ڕووخۆش و لێهاتوو و ئارام بە .
- هەندێ لە راپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکان کورتن- جگە لە ووتارە دیارەکان(البارزە) . لەبەر ئەوە پێویستە وەڵامی پرسیارەکان کورت و ئاشکرا بن ، چونکە چاودێرەکان ووتە زیادەکانت دەسڕنەوە . وە بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە پەخشی

ڕاستەوخۆی ڕادیۆی و تەلەفزیۆنیدا ڕوودەدات ، لێرەدا دەتوانیت کەمێك دەست بەسەر شێوازی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەدا بگریت لە ڕۆژنامەکەدا ، یان بە هیچ شیوەیەك ناتوانیت دەستی بەسەردا بگریت .

- بە درێژی وەڵامی یەکێك لە پرسیارەکان مەدەرەوە ، تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە ڕۆژنامەنووسەکە داوات لێدەکات ، یان پلانی ئەوەت دانەنابێت کە جەماوەر قەناعەت پێبەکەیت بە بەڵگەیەکی بەهێز سەبارەت بە بابەتەکەت .
- ئەگەر وەڵامی پرسیارێکت نەزانی ، بە ڕۆژنامەنووسەکە بڵێ ، وە پێشنیار بکە کە بە شوێن وەڵامەکەدا دەگەڕێت و دواتر پەیوەندی پێوە دەکەیت . کاتێك دیمانەکە تەواو بوو ، هەوڵی دەست کەوتنی زانیارییەکان بدە ، و ڕاستەوخۆ بیگەیەنە دەستی . وە ئەگەر سەرکەوتوو نەبوویت ئاگاداری بکەرەوە .
- ئەگەر متمانەت بە ڕۆژنامەنووسەکە هەبوو ، لەوانەیە هاوبەشی بکەیت لە هەندێ زانیاری پێشینەی بابەتەکە ، بەمەبەستی یارمەتی دانی لە تێگەیشتنی بارودۆخی لێکۆڵینەوەکە . زاراوەی (پێشینەیی) مانای ئەوەیە کە ڕێپێنەدراوە کە لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەی پێبکرێت .



هەروەها دەتوانیت کە هەندێ زانیاری بدەیتێ کە بتوانێت بەکاری بهێنێت ، بەڵام بەبێ ناوبردنی سەرچاوەکانی . کە ئەمەش ناسراوە بە "سەرچاوەی نافەرمی". بەڵام سەرچاوەی فەرمی کە ئاماژەی پێ دەدەیت ، ڕۆژنامەنووسەکە دەتوانێت پشتی پێببەستێت و ئاماژەی پێبکات . بەڵام، ئاگادار بە- لەوانەیە لێپرسراوانی ڕاگەیاندی ڕێکخراوەکەت ئاگادارت بکەنەوە کە ئەو ڕۆژنامەنووسەی ناچارکراوە ، لە ژێر فشاری سەرنووسەر ، کە ڕاپۆرتی سەرنجراکێش ئەنجام بدات ، بڕوای بە بوونی زانیاری پێشینەیی و نافەرمی نیە . لەبەرئەوە باشتر وایە پەیوەندیەکی بنیات نراو لەسەر متمانە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی دەست پاك دروست بکەیت ، پێش ئەوەی زانیارییە نافەرمی و پێشینەیەکانی پێببەخشیت . بێگومان خۆت گونجاوتریت لەکەسەکانی دیکە بۆ هەڵسەنگاندنی باری تایبەتی خۆت .

- پێشنیار بکە کە ڕۆژنامەنووسەکە هەندێ وێنە بگرێت ئەگەر کامیرای پێ بوو یان یەکیك لە وێنەگرەکانی لەگەڵدا بوو .

- دەتوانیت هەندی وێنەی بەسوود لە ئەرشیفی ڕێکخراوەکەت وەربگریت ، کە گونجاو بێت بۆ تەواوکردنی ڕاپۆرتەکە .
- هەندێ بابەتی ڕیکلامی سەر بە ڕێکخراوەکەت پێشکەش بە ڕۆژنامەنووسەکە بکە .

**پاش دیمانەکە**

- کاتێك ڕاپۆرتەکە بڵاودەکرێتەوە ، بیخوێنەوە و هەندێ کۆپی لای خۆت بپارێزە .
- کۆپیەکی بە بۆردی ڕیکلامەکاندا هەڵبواسە .
- پرسیار لە هەندێ لە ستافی ڕێکخراوەکەت بکە سەبارەت بە (فیدباك) دەربارەی ووتارەکەت ، با هەمووتان شارەزاییەکی زیاتر بەدەست بهێنن سەبارەت بە هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ میدیاکاندا .
- ووتارەکە بپارێزە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لە یەکێك لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوەکەتدا ، وەك ڕاپۆرتی ساڵانە بۆ نموونە . ئەگەر گونجاو بوو وەك ڕیکلامێك بۆی .
- سوپاسی ڕۆژنامەنووسەکە بکە بۆ گرنگی دانی بە ڕێکخراوەکەت و پرسەکانی .



- **چۆنێتی بەڕێوەبردنی دیمانەی ڕادیۆیی**

لە باشەکانی کاری ڕادیۆیی بانگێشتکردنی خەڵکییە بۆ گوێگرتن لێی ، بە شێوەیەك نە شێوەو نەجلەکانت و هیچ دیاردەیەکی دیکە سەرنجیان ڕاناکێشێت و مەشغوڵیان ناکات لە گوێگرتن لێت . ئەمە وات لێدەکات کە هەست بە ئارامییەکی زیاتر بکەیت ، بوارت بۆ دەڕەخسێنێت کە زیاتر تەرکیز (Focus) بکەیتە سەر تەوەرەکانت ، بە بێ گوێدان بە کامیرا کە مەشغوڵت دەکات لە دیمانە تەلەفزیۆنیەکاندا .

لەبەرئەوە داواکارین کە بگەڕێیتەوە بۆ بەشێکی پێشووی ئەم ڕێبەرە ، کە ڕێساو ئامۆژگارییە گشتیەکانمان خستەڕوو سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەبردنی دیمانە .

بە درێژایی ماوەی دیاریکردنی کاتی دیمانەکە ، ئەگەری هەیە چەند جارێك پەیوەندیت پێوە بکرێت لەلایەن ڕۆژنامەنووسی ڕادیۆیی یان بەرهەم هێنەری بەرنامەکانەوە . کە لەوانەیە ئەمە ڕێگەی پەیڕەوکراو بێت بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە تۆ کەسی نموونەیت بۆ ئەو دیمانەیە . بەڵام نیگەران مەبە ئەگەر پەشیمان بوونەوە لە سازدانی دیمانەکە لەگەڵتدا ، چونکە ئەوانە دەڕواننە بابەتی بەرنامەکە لە گۆشەیەکی (ڕوانگەیەکی) جیاوازەوە . بەڵام ئەگەر بۆت ڕوون بووەوە

کە دەستبەردارت بوون لەبەر قسەیەك کە کردوتە ، یان هەڵس و کەوتێك ، باشتروایە کە بەدواداچوون بکەیت بۆ هۆکارەکە بە ڕێگایەکەی دبلۆماسی بۆ دورکەوتنەوە لە کەوتنە هەمان هەڵەوە .

## کاتێك داوای ئەنجامدانی دیمانەیەکت ئاڕاستە دەکرێت

- ئەگەر پەیوەندیت پێوەکرا بۆ ئەنجامدانی دیمانەیەك ، هەوڵ بدە کەمێك کات پاشەکەوت بکەیت- تەنانەت ئەگەر پێنج یان 15 خولەکێك بێت . دەتوانیت ئەم کاتە بقۆزیتەوە بۆ ووتوێژکردن لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەت یان خۆئامادەکردن بۆ دیمانەکە . لەم بارەیەوە داواکارین کە بگەڕێیتەوە بۆ بەشێکی پێشوو ، کە بە درێژی باسمان لێوە کرد لە ژێر ناونیشانی ئامادە بە بۆ ئەنجامدانی دیمانەکەت .
- دڵنیابە لە زانینی ناوی ڕۆژنامەنووس ، یان بەرهەم هێنەری بەرنامە ڕادیۆیەکە ، یان وئێزگە تەلەفزێونیەکە ، وە هەروەها ژمارەی تەلەفۆن بۆ پەیوەندی کردن بە کەسانی پەیوەندیدارەوە .



- دڵنیا بە لەوەی کە ئایا دیمانەکە ئامادەکراوە بۆ پەخشی ڕاستەوخۆ یان بۆ تۆمارکردن .
- پرسیار بکە کە ئایا دیمانەکە شێوەی سیمینار یان شێوەی مێزگرد (حلقه حواريه) وەردەگرێت . لەم بارەدا دڵنیا بە لەو کەسانەی کە بانگێشت کراون بۆ بەشداری کردن لە دیمانکەدا .
- پەیڕەوی ئەو سیاسەتە بکە کە ڕێکخراوەکەت دەیگرێتەبەر لە شێوازی پەیوەند کردنی بە میدیاکانەوە .
- بەدواداچوون بۆ ئەم خاڵانە بکە:
- ئەم دیمانەیە بۆ چ بەرنامەیەك ئامادەدەکرێت ؟
- لە چ کاتژمێرێکدا ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێت ؟ وە کێن ئەو بیسەرانەی کە لەم کاتەدا لە بنچینەدا گوێبیستی بەرنامەکان دەبن ؟
- ئەو کاتەی کە دیمانەکە دەیخایەنێت ؟
- کێ دیمانەکەت لەگەڵدا ئەنجام دەدات ؟
- لە کوێ دیمانەکە ئەنجام دەدرێت ؟ ئەگەر پێویست بکات بچیتە ستۆدیۆی تۆمارکردن ، ڕێگەی گەیشتن بۆ ئەو شوێنە بزانە . ئەو ڕێگایە دیاری بکە کە دەیگریتەبەر ، چ هۆکارێکی گواستنەوە بەکاردەهێنیت ، پێش کات ئەو

ماوەیەی کە پێویستە بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست دیار بکە . جگە لەمانەش هەوڵ بدە زوو بەرێبکەویت بۆ دوورکەوتنەوە لە قەڵەباڵغی (جەنجاڵی ) ڕێگا .

- ئایا ڕۆژنامەنووسەکە خۆی دێتە لات بۆ ئەنجام دانی دیمانەکە ؟ لەوانەیە کاتی دیمانەکە هاوکات بێت لەگەڵ شەپۆلێکی نارەزایی کە ڕێکخراوەکەت بەنیازە ئەنجامی بدات ، کە دەرفەت بۆ ڕۆژنامەنووسەکە دەرەخسێنێت بۆ تۆمارکردنی هەندێ لەو کەشە سەرنج ڕاکیشە. یان دیمانەکەت لەڕێی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە لەگەڵدا ئەنجام دەدات ؟ لەهەموو بارەکاندا ، باشتر وایە کە پرسیار لە ڕێگەی ئەنجام دانی دیمانەکە بکەیت .

- خۆت بەدوور بگرە لە ئەنجام دانی دیمانە لەڕێی مۆبایلەوە ، چونکە لەوانەیە هێڵەکە بە ئاسانی بپچڕێت ، جگە لەوەی کە دەنگەکانی دەوروبەرت لەوانەیە ببێتە هۆی پەرشکردنی بیرو هزرت (مشتته للافکار).
- هەوڵ بدە کە سیفەتەکانی بیسەری ئێزگە ڕادیۆیەکە بە ئاشکرایی بزانیت ، تەمەنیان چەندە ، ڕەچەڵەکیان ، ناسنامەیان ، بۆچوونی سیاسییان ، وە هەڵوێستیان لەو



پرسانەی (کێشانەی) کە ڕێکخراوەکەت دەیخاتەڕوو . ئەو شێوازەی کە ئاراستەی لاوەکانی دەکەیت جیاوازە لەو شێوازەی کە پشتی پێدەبەستیت لە گەڵ جەماوەرێکی دیکە لە بیسەران .

**بڕۆ بۆ ئەنجام دانی دیمانەکە !**

- لەسەر کارتێك ئەو پەیامە سەرەکییەیانە تۆمار بکە کە بەنیازیت بیانگەیەنیت ، لەگەڵ هەندێ ئاماری گرنگ ، ئەگەر بە نیاز بوویت بگەڕێیتەوە بۆی .
- خۆت بەدوور بگرە لە یاری کردن بە کاغەزەکانی بەردەستت ، یان زۆر بجوڵێیت لەسەر کورسییەکەت- ئارام بە و تەرکیزی خۆت لەدەست مەدە.
- هەوڵی گەیاندنی پەیامەکەت ، یان پەیامە گرنگەکانت بە بیسەران بدە .
- بۆچوونی خۆت ئاراستە بکە و بە خێرایی بیر لە وەڵامەکەت بکەرەوە .
- ئەگەر دیمانەکە لە ئۆفیسەکەت یان ماڵی خۆت ئەنجام درا ، دڵنیا بە لە بەرزکردنەوەی سەماعەی تەلەفۆنەکەت ، بۆ دوورخستنەوەی هەموو هۆکارێکی مەشغوڵکەر .

- لەوانەیە ئەم هۆکارە مەشغوڵکەرانە هەموو ئەو دەنگانە بگرێتەوە کە لە دەوروبەرتان ، وەك ئەو دەنگانەی کە لە ئامێری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ، ژاوەژاو ، یان کارپێکردنی ئامێرێکەوە دروست دەبێت.
- ڕیتمی دەنگت بگۆڕە بۆ سەرنج ڕاکێشانی بیسەران ، ئەگەر بە یەك ڕیتم بەردەوام بێت ئەمە دەبێتە هۆی بێزاربوونیان .
- ڕیتمی دەنگت بگۆرە ئەگەر وویستت جەخت لەسەر بیرۆکەیەکی دیاریکراو بکەیت .
- ڕاستگۆ و سادە و ڕوخۆش و گەرم بە لە ئاخاوتندا ! چونکە ئامێری ڕادیۆ کەسایەتیت دەردەخات هەرچەندە بیسەران توانای بینینی تۆیان نیە .
- ئەگەر بڕیار درا کە دیمانەکە لە ستۆدیۆ ئەنجام بدرێت ، پێش کاتی دیاریکراو ئامادە بە ؛ ئەم ڕەفتارە وا دەکات کە :
  - هەست کردن بە ئارامی و ڕێزگرتنێك لای ڕۆژنامەنووس و بەرهەم هێنەرەکە دروست بکات.
  - ڕێزی خۆت بسەپێنی بەسەریاندا ، چونکە لە لایەن خۆتەوە ڕێزی کارەکەیان و فشارەکانی کۆتا وادەی دیاریکراویانت گرتووە .



  - بچیتە ناو کەشی ستۆدیۆی ڕادیۆوە .
  - هەندێ کات بدەیت بە ڕۆژنامەنووس و بەرهەم هێنەر کە هەندێ زانیاری بنچینەیت بدەنێ .
  - وایان لێدەکات کە خوا ستی ئەنجام دانی دیمانەیەکی دیکە بن لەگەڵتدا ، چونکە درك بەوە دەکەن کە جێگەی متمانەی .
- هەوڵ بدە پەیوەندیەکی دۆستانە (هاوڕێیانە) لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە ڕادیۆییەکەدا دروست بکەیت.
- هەوڵ بدە کە ڕادەی خۆشەویستی خۆت بۆ کێشەکەت نیشان بدەیت بۆ کارکردنە سەر بیسەران .
- پێویستە کە دروستانە پەیامە سەرەکییەکانت بخەیتە ڕوو لەو ماوە کەمەدا کە بۆت دیاریکراوە لە دیمانەکەدا .
- بە شێوەیەکی ڕوون ئاخاوتن (قسە) بکە .
- وەڵامەکانت بەش بەش مەکە ، هەوڵ بدە وەڵامەکانت کورت بکەیتەوە ، وە لە بابەتەکە دەرمەچۆ تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە بیرۆکە نوێکە بابەتەکە دەوڵەمەندتر بکات .
- هەوڵ بدە ڕەهەندێکی مرۆیی ببەخشیتە دیمانەکەت .
- لە یادت نەچێ کە پەندەکان گرنگترە لە ووتەکان . دەگونجێت ئەم یاسایە جێبەجێ بکرێت بەسەر ئەو ڕێبازەی

که ڕۆژنامەنووسەکان دەیگرنە بەر لە هەندێ لە کردارەکانی پەیوەندی کردندا . وە ماناکەی ئەوە دەگەیەنێت باشترە بۆت کە بیرۆکەیەك بگەینیتە خوێنەرانت یان بیسەرانت لە ڕێگەی پێشنیارکردنی بیرۆکەیەکەوە ، وەك لە سەپاندنی شێوازی بیرکردنەوەیەکی دیاریکراو بەسەریاندا .

## ڕێگە جۆراوجۆرەکان بۆ ئەنجام دانی دیمانەیی ڕادیۆیی

دیمانەی ڕووبەڕووی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسدا ڕێگەیەکی نموونەییە بۆ ئەنجام دانی دیمانەی ڕادیۆیی ؛ چونکە ئەم ڕێگەیە بواری ئاڵوگۆڕکردنی گفتوگۆت بۆ دەرەخسێنێت ، پێش سەرەتای بەرنامەکە ، بۆ پتەوکردنی پەیوەندیت لەگەڵی . وە لەبەر زۆری ڕێگەکانی ئەنجام دانی دیمانە ڕادیۆیەکان ، هەندێکیان باس دەکەین:

- ئەو دیمانانەی کە لەناو ستۆدیۆدا ئەنجام دەدرێت: ئاشنای کۆمەڵێك تەکنیکی ڕادیۆی دەبیت کە پێشتر بێ ئاگا بوویت لێی ، وەك ستۆدیوی تۆمارکردن ، ئامێری مایکرۆفۆن ، هێدفۆن ، ڕوناکی سور، کە لە کاتی دەستکردن بە پەخشی ڕاستەوخۆ دادەگیرسێت. هەروەها چاوت دەکەوێت بە تیمی بەرهەم هێنان کە هەموویان هاوبەشی کاری پەخشکردنن .



- ئەو دیمانەیەی کە شێوەی پەیوەندی تەلەفۆنی وەردەگرێت: لە لایەنە خراپەکانی ئەم جۆرە دیمانەیە ژاوەژاوی خەتەکەیە ، وە بوونت لە ناوەدێکی پڕ لە دەنگی بێزارکەر ، کە وات لێدەکات تەرکیزی خۆت لەدەست بدەیت بە پێچەوانەی ستۆدیۆ. جگە لەمە توانای دروستکردنی پەیوەندیت نابێت لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکە چونکە ناتوانیت پەیوەندی لەگەڵدا بکەیت لە ڕێی هەستەوەری بینینەوە .
- ئەو دیمانەیەی کە لە ئۆفیسەکەت یان هەر شوێنێکی دیکە ئەنجام دەدەیت بەبۆنەی ڕووداوێکەوە: ئەمە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێك بەڕێوە دەچێت کە ووتەکانت تۆمار دەکات لەسەر ئامێرێکی تۆمارکردن . وە لەبەرئەوەی کێشەی ژاوەژاو و مەشغولکردن دەردەکەوێتەوە جارێکی تر لەم بارەدا، ئامۆژگاریت دەکەین کە خۆت ماندوو بکەی بە تەرکیزکردن لەسەر دیمانەکە زیاتر لە شتەکانی دیکە .
- ئەو دیمانەیەی کە کۆمەڵێك بەشداربوو دەگرێتەخۆ لە بازنەیەکی ووتوێژیدا (مێزگرد): ئەنجام دەدرێت لە ڕێی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە یان لە ناو ستۆدیۆ .
- میواندایکردنت وەك شارەزایەك لە بەرنامەیەکی ڕادیۆیدا ، خەڵکی پەیوەندی دەکەن بۆ خستنەڕووی چەند پرسیارێکی

دياريكراو . لەبەرئەوە بير لەو بەرنامە ڕاديۆييانە بكەرەوە كە گوێبيستيت ، وە هەوڵى پەرەپێدانى هەستت بكە كە چ شتێك سەرنجت ڕادەكێشێت لەو شارەزايانەدا كە ميوانى بەرنامەكانن، يان ئەو شتانەى كە سەرنجت ڕاناكێشن. پێويستە ئارام و سنگ فراوان و ڕووخۆش بيت ، وە خۆت نەدزيتەوە لە وەڵامدانەوەى پرسيار. وە لە كاغەزێكدا ناوى ئەو كەسانەى كە پەيوەندى دەكەن تۆمار بكە ، بۆ ئەوەى هەر كەسە بە ناوى خۆى بانگ بكەيت لە كاتى وەڵامدانەوەى پرسيارەكەى .

## چۆنێتى بەڕێوەبردنى ديمانە تەلەفزيۆنيەكان

وەك بنەمايەك ، ئەگەر ڕێكخراوەكەت واى دانابێت ، كە ڕەزامەند بيت سەبارەت بەو بانگێشتانەى كە ئاڕاستەت دەكرێت بۆ ئەنجامدانى ديمانە تەلەفزيۆنيەكان ، باشترە كە گرنگى بدەيت بە شيكردنەوەى ئەو ديمانە تەلەفزيۆنيانەى كە دەيانبينيت ، بە مەبەستى تێبينى كردنى خاڵە بەهێزەكانى و شوێنى سەرنەكەوتنى . وە هەوڵى ناسينى شێوازە جياوازەكان و ئەو ڕێبازانەى (المقاربات) كە ميوانەكان پەيڕەوى دەكەن بدە ، بە تێبينى كردنى ئەو خاڵانەى كە ئەو كەسەى ديمانەكە دەكات سەركەوتوو دەبێت تيايدا و لە كوێدا



سەركەوتوو نابێت ، هەوڵ بدە بير لە شێوازى وەڵامە تايبەتيەكانى خۆت لە كاتى گۆڕانى بارودۆخدا بدە.
سەرنجێكى بەندى " ئامۆژگارييە گشتيەكان بۆ بەڕێوەبردنى ديمانەكان" بدە لەم ڕێبەرەدا .

## سيفەتەكانى ديمانەى تەلەفزيۆنى چيە؟

لە سەرەتادا ، ئەوە بزانە كە بينەران تەماشات دەكەن ! ئەگەر سەركەوتوو نەبووى لە سەرنجڕاكێشان بۆ بۆچوونەكانت ، ئەوا تەركيز دەكەنە سەر جلەكانت ، جوڵەى لەشت ، وە ڕوخسارت ، لە جياتى قسەكانت .

## پۆشاك ( جل و بەرگ )

ئەو جلانە هەڵبژێرە كە بينەران سەرسام دەكەن. ئەوەى جێى ئاماژەيە كە ئەو جلانەى كە بە هێڵى باريك نەخشێنراوە ، نوقتە تيدايە ، يان بە شێوەى چوارگۆشە نەخشێنراوە ، وە ديزاينى جوان و ڕەنگى ستايلانەيە ، بە شێوەيەكى گشتى سەرنج ڕادەكێشێت . كارى تۆ ئەوەيە كە هەست بە ئارامى و هێمنى بكەيت ، بە لەبەرچاو گرتنى پێويستيەكانى بينەران و پێشبينيەكانيان . لەبەر ئەوە پێويستە :

- پۆشینی پۆشاکێکی گونجاو کە بێزارت ( نیگەران ) نەکات .
- پۆشینی پۆشاکێك کە دەنگی لێ دروست نەبێت لە کاتی جوڵەدا .
- بیرکردنەوە لە گرنگی دان بە پەیڕەوکردنی مۆدیل (فاشین) لە کاتی هەڵبژاردنی پۆشاکدا ، یان لە کاتی ئاڕاستەکردنی لێدوانێکی گرنگ پۆشینی پۆشاکی دانیشتوانە ڕەسەنەکان بۆ نمونە.

ئەوە بزانە کە کات گونجاو نیە بۆ تاقیکردنەوەی مۆدیلی نوێ ، چ لە هەڵبژاردنی پۆشاك و چ لە ستایلی قژدا .

- پێڵاوێکی گونجاو و مریح لە پێ بکە.
- لە بەرامبەر ئاوێنەیەکدا دابنیشە پاش پۆشینی ئەو پۆشاکەی کە هەڵتبژاردوە ، پیش لە چوونت بۆ شوێنی دیمانەکە بە کاتێکی کەم . ئایا لەخۆت ڕازیت کە بینەران بەو پۆشاکانەوە بتبینن؟ ئایا پێویستت بە وەرگرتنی بۆچوونی کەسێکی دیکە هەیە ؟ کەواتە پرسیار لە کەسێك یان زیاتر بکە بۆ وەرگرتنی بۆچوونیان سەبارەت بە جل و بەرگەکەت .

**شێواز**



بیر لەو بەرنامەیە بکەرەوە کە تیایدا دەردەکەویت لە دیمانەکەدا .

ئەگەر بۆت دەرکەوت کە بەرنامەکە ئاڕاستەی هەرزەکاران دەکرێت کە شوێن دوا شێوازی مۆدە کەوتن ، ئەوا وەك کەسێکی دواکەوتوو دەردەکەویت ئەگەر قاتێکی نامۆ لەگەڵ بۆینباخێك بپۆشیت . بەڵام ئەگەر بەرنامەکە کۆمێنتی هەواڵی ( تعلیقات اخباریە ) گرنگ پێشکەش بکات ، باشترە کە قاتێکی تا ڕادەیەك فەرمی بپۆشیت .

ئەوەشت لە یاد نەچێت ، ئەگەر بەرنامەکە ئامادەنەکرابێت بۆ پەخشی ڕاستەخۆ ، ئەوا مەرج نیە لەهەمان کاتی تۆمارکردندا پەخش بکرێت .

**ئێکسسوارات**

چاوێلکە لەچاو مەکە تەنها لە کاتی زۆر پێویستدا نەبێت ، واتە یان بەهۆکاری پزیشکی یان کێشەی بینیندا. چونکە بینەران بەباشی دەزانن کە چاوەکانت ببینن چونکە چاوەکانت کاردانەوەی کەسایەتیتە . هەروەها لەوانەیە چاویلکەکانی دژە ڕوناکی هەمان کێشە دروست بکەن .

هەوڵ بدە کە شپرزە دەرنەکەویت ، بەڵکو بە سادەیی و ڕێکخراوی (ڕێك وپێکی) (ترتیب) . بە واتایەکی تر، هەوڵ بدە کە بە ڕوخسارێکی ڕێك وپێك (جوان) بەبێ خۆنواندن دەربکەویت، بە

تایبەتیش تۆ دەتەوێت کە خەڵکی بە جددی وەرت بگرن ، وە تەرکیز بخەنە سەر قسەکانت نەك پۆشاکەکەت (جلەکانت).
وا باشترە کە خۆت نەڕازێنیتەوە بەو خشلانەی کە دەنگ دەردەکەن لە هەرکاتێکدا کە ویستت گرنگی بە بیرۆکەیەکی دیاریکراو بدەیت ، چونکە ئەم دەنگانە سەرنجی خەڵکی لە پەیامەکەت دور دەخاتەوە ، بەمەش دەرفەتی گەیاندنی لەدەستت دەدەیت . بێگومان تۆ ناتەوێت کە لای بینەران تێڕوانینێکی وەها دروست بێت کە خشلەکانت زاڵ بوون بەسەر قسەکانتدا .

## زمانی جەستە و(دەربڕینی) تەعبیری دەم و چاو

لەبەرئەوەی تۆ زمانی جەستە بەکاردەهێنیت بۆ گەیاندنی پەیامە نازارەکیەکانت ، بۆیە بیسەران دەوەستن و هەوڵی لیکدانەوەی دەدەن . لەبەرئەوە بۆچوونێکی نەرینی نێگەتیفانە (سلبی) دەربارەت دروست دەکەن ئەگەر بە ئارامی لەسەر کورسیەکەت دابنیشی ، بەڵکو هەستی ئەوەیان لا دروست دەبێت کە هەست بە بێزاری دەکەیت . بەڵام ئەگەر بەردەوام بوویت لەسەر جوڵە بەم لاو و ئەو لادا ، وا دەردەکەویت کە بێتاقەت و کێشەیەکت هەیە ، ئەوەش هانیان دەدات کە پرسیار لە هۆکاری ئەوە بکەن . هەندێ جاریش وایان لێدەکات کە بەگومان بن لە ڕاستی قسەکانت .



دەربڕینی دەم و چاوت ، خۆی ، دەربڕینێکە بۆ بینەران . کە دەتوانن چاودێری هەموو مۆنیەك زەردەخەنەیەك بکەن کە لە ڕوخسارتدا دەردەکەوێت ، یان هەموو سەر جوڵانێك ، یان تەماشا کردنێك لە تەماشا کردنەکانی چاوت . لەبەرئەوە پێویستە ڕاستگۆ بیت ، بە سروشتی خۆت هەڵس وکەوت بکە ، وە لە بیرت نەچێ کە نمایشێکی زیندەیی پێشکەش بکەیت .

### دەنگت

- بە شێوازێکی ڕوونی هەڵقوڵاو لە متمانە بەخۆکردن قسە بکە .
- ڕیتمی دەنگت بگۆڕە بۆ سەرنجڕاکێشانی بینەران – چونکە بینەران بێزار دەبن ئەگەر ڕیتمی دەنگت نەگۆڕیت .
- ڕیتمی دەنگت بەکاربێنە لەو کاتانەی کە دەتەوێت جەخت لەسەر شتێکی گرنگ بکەیت .

## ئارام و متمانە بەخۆ و لێهاتوو بە لە گفتوگۆدا

هەوڵ بدە بە متمانە بەخۆبوون و ئارامی قسە بکەیت ، بەڵام بەبێ فیزەوە . وە تەماشای بەرامبەر و کەسانی بەشداربوو لە گفتوگۆکەدا بکە ، ئەگەر گفتەگۆکە فرەلایەنە بوو . بوونی کامیراکان لە بیر بکە

– چونكه كات گونجاو نیه بۆ ناردنی سڵاو بۆ خێزان و هاوڕیان كه له ماڵەوه تەماشات دەكەن ! **ئەمەش كۆمەڵێك ئامۆژگاری دیكەیە :**

- وەڵامی پرسارەكان به ڕاستگۆیی سەرنجڕاكێشانه بدەرەوه .
- مەوقفێكی بەرگرییانه وەرمەگره ئەگەر نامەیەكی نەیارانەت وەرگرت. بەڵكو به ئارامی و پۆزەتیفانه وەڵامی بدەرەوه . چونكه خەڵكی چاوەڕوانی ڕاستگۆیت لێدەكەن .
- هاوڕێیانه به و وێنەیەكی پۆزەتیفانه نیشان بده سەبارەت بەخۆت .
- شێوازێكی ساده بەكاربێنه .

بۆ نمونه له شێوازی یەكەمدا بڵێت : وەك كاردانەوەیەك بۆ ئەم هەڵس و كەوته فێڵاویە ، بڕیارمان دا ، پاش ڕاوێژكردنمان ، بۆ لەمەو دوا بەرهەمەكانی كارگەی ( نمونه ) نەكڕین .

یان به شێوازێكی دیكه به زمانێكی ساده بڵێیت : "بڕیارماندا كه بەرهەمەكانی كارگەی ( نمونه) بایكود بكەین ".

- قسەكانت بەهێز بكه به نمونه له ژیانی ڕۆژانه كه لەوانەیه ڕەنگدانەوەی ڕەوشی خەڵكی بنوێنێت.
- پشت ببەسته به ڕێبازێكی تایبەت بەخۆت ، بۆ نمونه ڕووبكەیته بینەران و بڵێیت : "چۆن هەست دەكەیت ئەگەر



كەس و كارەكەت ببینیت كه له زەویەكانی خۆیان دەردەكرێن ....." .

- ئەم لاو ئەولا مەكه لەسەر كورسیەكەت تەنانەت ئەگەر بێزاریش بوویت . بەڵكو هەردوو دەستت بخەره سەریەك و لەسەر كۆشت دایبنێ یان بیخەره سەر مێزەكه ئەگەر هەبوو . وه دوور بكەوه له یاریكردن به قەڵەم و هەر شتێكی دیكه .
- هەوڵ بده زۆر دەستت نەجوڵێنیت ئەگەر لەو كەسانەی كه لەكاتی ئاخاوتندا دەستیان دەجوڵێنن . ئاسایه ئەگەر هەندێ جوڵه بەدەست بكەیت بۆ دەربڕینی بیرۆكەكانت ، كه پارمەتیدەر بێت له گرنگی دان به شتێكی دیاریكراو . چونكه ئەگەر جوڵەی زۆر بەدەستەكانت بكەیت ئەوا بینەران سەرقاڵ دەكەیت .

## با گفتوگۆکە بە نەرمی (سلاسە) بڕوات

- پێشبینی ڕوودانی ئەوە بکە کە ئەگەری ڕوودانی نیە - ئەگەری هەیە تەوەرەکان کورت بکرێنەوە بە هۆی ڕێوڕەسمی پێشوازی کردن ، لەبەر کەمی کاتی تەرخان کراو بۆی . لەبەرئەوە ئەگەری هەیە ڕاستەوخۆ پرسیارێکت ئاڕاستە بکرێت . بۆیە پاش وەڵامدانەوەی پێشوازیکردن وەڵامی پرسیارەکەی بدەرەوە .
- پارێزگاری لە ئارامی خۆت بکەو ڕاستەوگۆیانە وەڵام بدەرەوە هەرچۆنێك ئاڕاستەی دیمانەکە ڕۆشت- تەنانەت ئەگەر پرسیارە ئاڕاستەکراوەکان شێوازی نەیارانەی وەرگرت .
- نیگەران مەبە ئەگەر ( پێشکەشکار ) قسەکانی پێبڕیت. بەڵام ئەگەر بڕینەکە لەو کاتەدا بوو کە یەکێك لە پەیامەکانت ئاڕاستە دەکەی، هەوڵ بدە بگەیەرێیتەوە بۆی بۆ گەیاندنی بە تەواوەتی. لەم جۆرە دیمانانەدا پێویستە ، زیرەك بیت ، وە ڕیزبەندیەکی لۆجیکیت هەبێت تا بتوانیت پەیامەکەت بگەیەنیت . وە ئەوەت لەیاد نەچێت ئەمە مەبەستی دیمانەکەتە .



پەیامەکەت

- ئەگەر هەستت کرد کە سەرکەوتوو نەبوویت لە گەیاندنی پەیامەکەت بە ئاشکرایی ، ئەوا دەرفەتی وەڵامدانەوەی پرسیارێك بقۆزەرەوە بۆ بەستنەوەی بەو پەیامەی کە نیازی گەیاندنیت هەیە .
- زۆر جار پێشکەشکار لە کۆتایی دیمانەکەدا پرسیارت لێدەکات کە ئایا دەتەوێت پەیامی کۆتایت ئاڕاستەی بینەران بکەیت . ئەم دەرفەتە بقۆزەرەوە بۆ وەبیرهێنانەوەی پەیامەکەت بە ڕێگەیەکی کاریگەر و باوەڕپێکراوانە ، کە هەستی بینەران بگرێت و هزریان بوروژێنێت . لەبەرئەوە پێش وەخت پەیامی کۆتایت دیاری بکەو لەبەری بکە.
- پێش چوون بۆ دیمانەکە ، ڕاهێنان بکە لە سەر شێوازی گەیاندنی پەیامەکەت ، یان پەیامەکانت ، لەپێش ئاوێنەدا ئەگەر توانرا- چونکە ناوەڕۆکی پەیامەکە نیە کە کاریگەری قوڵی هەیە لەسەر بینەران ، بەڵکو ڕێگەی گەیاندنەکەیەتی .
- لەبەر ئەوەی کە دیمانەکان کورتە پێویستە توانای دەربڕینی بۆچوون و گەیاندنی پەیامەکەت بە ڕێگەیەکی خێرا هەبێت، چونکە دیمانەکان پێش وەخت تۆمار دەکرێت

بەمەبەستی مۆنتاج کردنی لە دواییدا. کە ئەمەش ئەگەری هەیە کە هەندی لە ووتەکانت بسڕێتەوە ئەگەر درێژەت بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دابێت . وە هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ گەڕانەوە بۆ دواوە .

## سەرەتا و کۆتایی دیمانەکان

سەرەتای دیمانە زۆر گرنگە چونکە بینەران لەوانەیە کەناڵەکە بگۆڕن، ئەگەر بەرنامەکە سەرکەوتوو نەبوو لە ووروژاندنی گرنگیپێدانیان (اهتمامیان) لە چرکەساتی یەکەمەوە . لەبەرئەوە بە هێنانەوەی پەندێك یان گێڕانەوەی ڕوداوێکی نەوازە یان خستنەڕووی چەند ئامارێك کە لەیادیان بێت دەست پێبکە بۆ ئەوەی کاراکتەرێکی واقیعی بدەیتە ووتەکانت. بەم شێوەیە سەرنجی بینەران ڕادەکێشیت.
هەروەها کۆتایی دیمانەکەش گرنگی لە سەرەتاکەی کەمتر نیە بۆ ئەو بینەرانەی تا چرکەی کۆتایی بینەری بەرنامەکەن. ئەمە یارمەتیدەرت دەبێت بۆ چەسپاندنی پەیامی کۆتاییت لە هزریاندا ، ئەگەر سەرنجڕاکێش ، و توانای زیادکردنی زانیاری و کاریگەری هەبێت.
لەبەرئەوەی کە دیمانە تەلەفزیۆنیەکان دەرفەتی ناوداریت بۆ دەرەخسێنێت ، هەوڵ بدە بە هەموو تواناکانتەوە بیقۆزیتەوە بۆ



تیشك خستنە سەر ڕێکخراوەکەت. ئەوەی باشە لات پێشکەشی بکە، وە بیسەلمێنە کە توانای کارتێکردنت هەیە. ئەگەری هەیە کە بینەران خەیاڵ و هزریان لات نەمێنێت، ئەگەر هەوڵی خوێندنەوەی ئەو تێبینیانە بدەیت کەلەسەر کاغەزێك نووسیوتە. لەبەرئەوە ، باشتر وایە کە پەیامە گرنگەکان و ئامارە پەیوەندیدارەکان دیاری بکەیت، ولەبەریان بکە( دەرخیان بکە).

## چۆنێتی بەڕێوەبردنی ڕەوشە جیاوازەکان لە دیمانە تەلەفزیۆنیەکاندا

- ئەگەری هەیە کە ناچار بیت ماکیاج بەکاربهێنیت لە ستۆدیۆی تەلەفزیۆندا . دەتوانیت ڕەتی بکەیتەوە ، بەڵام باشتر وایە بەکاری بهێنیت ، چونکە ئەمە یارمەتیدەر لە شاردنەوەی شوێنکاری ئارەقکردنەوە کە بەهۆی گەرمی ڕوناکییەکانەوە دروست دەبێت .
- ئەگەر ڕاهاتوویت لە بەکارهێنانی ماکیاج، باشتر وایە خۆت بەکاری بهێنیت پێش ڕۆشتنت بۆ ستۆدیۆ، لە کاتێکدا ئەگەر ناتەوێت شارەزای جوانکارییەکە شێوازت بە تەواوەتی

بگۆڕێت ، چونکە خۆئامادەکردنت یارمەتدەر دەبێت بۆ ئارام بوونت .

- ئەو دیمانانەی کە ئامادە دەکرێن بۆ پەخشی ڕاستەوخۆ مۆنتاج ناکرێن . ئەمە دەرفەتێکی زیاترت بۆ دەڕەخسێنێت بۆ دەست بەسەراگرتنی ئەوەی هەوڵی گەیاندنی دەدەیت بۆ بینەران . بەڵام ئەوەت بەسەرا دەسەپێنێت کە ڕوون و ئاشکرا و توانای بڕوا پێهێنانی بینەرت هەبێت لە گەیاندنی پەیامەکەتدا .
- ئەو دیمانانەی کە لە ناو ستۆدیۆ ( هەر شوێنێکی دیکە) تۆمار دەکرێت ئەو فشار و دڵەڕاوکێ لە تۆمارکردنی "بەرنامە ڕاستەوخۆکاندا" دروست دەبێت کەم دەکاتەوە . بەڵام ئاگاداری ئارامی زۆریش بە کە وات لێبکات درێژە بە ووتەکانت بدەیت لە شوێنی ئەوەی کە کورتیان بکەیتەوە ، چونکە دەرفەتی بەرهەم هێنانیان ڕێگە بە ئامادەکاران دەدات ، کە ئەو بەشەی کە تۆ بەڕاستی دەتویست بیپارێزی بیسڕنەوە !.
- بەڵام ئەو دیمانانەی کەلە دەرەوەی ستۆدیۆ ئەنجام دەدرێت دەرفەتی دیمەنی باکگراوند بۆ بینەران دەرەخسێنێت ، کە سەرنجیان رادەکێشێت . لە ئەنجامی ئەمەشدا ، لەوانەیە بە



ئاسانی وایان لێبکات بێئاگا بن لەوەی کە دەیڵێت یان دەیکەیت . لێرەوە پێویستە زۆر ڕوون و وورد بیت و هزرو فکریان داگیر بکەیت .

- ئەگەر دیمانەکە لە ئۆفیسەکەی خۆتدا بوو، دڵنیا بە وای لێبکەیت کە چۆن دەتەوێت بینەر بیبینێ! لە یادت نەچێت کە فنجانی قاوەکەت بەباشی بشۆێت پێش ئامادەبوونی تیمی تەلەفزیۆن!
- کاتێك لە زنجیرە ووتووێژێکدا (دایەلۆگیکدا) بەشدار بوویت ، ئەوەندە کاتت نابێت بۆ دەربڕینی بیرۆکە سەرەکییەکانت . ئەمە وات لێدەکات کە تا دەتوانیت تەرکیز بکەیت – بەتایبەتی ئەگەر دایەلۆگەکە بوو – و دەستپێشخەری بکەیت . وە ئاگاداربە کە زۆر ووتوێژ نەکەیت ئەگەر ووتووێژەکە توند بوو ، بەڵکو پارێزگاری لە ئارامی خۆت بکەو بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکراو مەنتقی وەڵامی خاڵەکان بدەرەوە ، بە پێشکەش کردنی نموونە لە راستیدا ئەگەر توانرا . ڕاستە بینەران لەوانەیە هاوسۆزی بەشداربووە نەیارەکان ئەبن لە بازنەی ووتووێژدا (مێزگردا) ، بەڵام نابێت دەستەوسان بیت ، بەڵکو هەوڵ بدە بە هەموو

شێوازێك بڕوا بەخۆبوون و توانای قناعەت پێكردن نیشان بدەیت .

- لە كۆتایی هەموو دیمانەیەكی بازنە ووتوویژدا ( مێزگردا ) ، زۆرجار داوا لە هەر یەكێك لە بەشداربووان دەكرێت كە پوختەی ووتەكانی بڵێت . لەبەرئەوە خاڵە سەرەكییەكانت دیاری بكە كە دەتەوێت ووتەكانتی كۆتایی پێ بهێنیت ، پێش ئەنجامدانی دیمانەكە- ئاگادار بە كە ئەمە گرنگترین پەیام دەنوێنێت كە دەتەوێت ئاڕاستەی بینەرانی بكەیت لە كۆتایی دیمانەكەدا . بەڵام دەبێت نەرم بیت. لەوانەیە مێزگرەكە بە شتێكی چاوەڕوان نەكراو كۆتایی بێت ، كە وا پێویست دەكات ووتەكانت بە شێوازێكی دیكە دابڕێژیتەوە . پێویستە كاریگەر بێت .
- لە هەندێ كاتدا ، ستۆدیۆەكە ژورێكی بچووك دەبێت لە هەندی ئێزگە تەلەفزیۆنیەكاندا ، كە تەنها یەك كامێرای تێدایە . ئێزگەكان هەڵدەستن بەم دیمانانە ، كاتێك خوازیاری دەستكەوتنی بۆچوونێكی دیكە سەبارەت بە یەكێك لە كێشە خستنەڕووەكاندا ، ئەگونجێت ئەم دیمانانە كە زنجیرە ووتووێژەكاندا (مێزگردا) پەیڕەو بكرێت ، كە بەشداربووان دابەش بن بەسەر چەند ناوچەیەكی جیاوازی



وولاتدا ، یان لە سەرجەم جەمسەرەكانی جیهاندا . لەم حاڵەتانەدا ، پێویستە ڕاستەوخۆ تەماشای كامێراكە بكەیت ، وەك وا بێت تەماشای پێشكەشكارەكە دەكەیت . وە پێویستە پشت بە زمانی جەستەو دەربڕینەكانی ڕوخسارت ببەستیت ، بۆ نمونە زەردەخەنە بكەیت ، سەرنج ڕابكێشیت ، سەرت لاربكەیتەوە . لە یادت نەچێت كە بینەران ڕاستەوخۆ تەماشای دەم وچاوت دەكەن ، بە پێچەوانەی ئەوانەی كە ڕوودەدات لە دیمانە تەلەفزیۆنیەكانی دیكەدا .

- لە وانەیە دیمانەكە بە شێوەیەكی ناكاوی لەگەڵتدا ئەنجام بدرێت ، كە پێشبینیت نەدەكرد. لەوانەیە ڕۆژێك لەكاتە هاتنەدەرەوەت لە ڕێكخراوەكەت ڕووبەڕووی كامێراو مایكرفۆنەكان ببیتەوە ، بۆ پرسیاركردن لە ئەو یارمەتیانەی كە ڕێكخراوەكەت پێشكەشی دەكات بۆ چارەسەركردنی یەكێك لە كێشە گرانەكان. چ بۆچوونێك لای بینەرات دروست دەكەیت ئەگەر خۆت دزیەوە ؟ لەبەرئەوە لە جێی خۆت بوەستە و هەناسەیەكی قوڵ هەڵمژەو وەڵامی پرسیارەكان بدەرەوە . ئەگەر كێشەكە ڕەهەندێكی مرۆڤایەتی هەبوو ، وەك ئەو كێشانەی كە گرنگی

دەدات بە کاروباری پەنابەران ، هەوڵی ووروژاندی هەستی مرۆڤایەتی و هەستکردن بە یەکسانی لە بینەراندا بدە .

## چۆنێتی چارەسەرکردنی یەکێك لە قەیرانەکان
## ( Handing a crisis )

هەمووومان ترسی ئەوەمان هەیە کە ڕێکخراوەکەمان ڕووبەڕووی قەیرانێکی دیاریکراو بێتەوە چونکە دەبێتە هۆی نیگەرانی و دڵەڕاوکییەکی زۆر . بەڵام دەربازبوونی نیە پێویستە ڕووبەڕووی کێشەکان ببینەوە چ سادە بێت یان ترسناك ، خۆت مەدە بەدەست ترسەوە .

لەم بەشەدا ، چەند بیرۆکەیەکت پێشکەش دەکەین کە یارمەتیت بدات لە چارەسەرکردنی قەیرانەکاندا .

- کاتێك ڕێکخراوەکەت ڕووبەڕووی قەیرانێك دەبێتەوە ، باشتر وایە کە هاوسۆزی میدیاکان بەدەست بهێنیت نەك دژایەتیان . وە ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەمە هۆکارێکی باشە بۆ بنیادنانی پەیوەندیەکی پۆزەتیفانە لەگەڵ ئەم دەزگایانەدا وە کارکردن بۆ پتەوکردنی .



- پرسیار لە خۆت بکە : "ترسناکترین قەیران چییە کە لەوانەیە ڕووبەڕووی ڕێکخراوەکەم ببێتەوە ؟
- هەندێ جار لەوانەیە ڕۆژنامەنووسەکان ووتەکانت هەڵگێڕنەوە ، چونکە زۆر جار بە ووردییەوە تێبینیەکانیان تۆمار ناکەن . هەڵگێرانەوەی ووتە تووشی بێهیوابوونێکی گەورەت دەکات . بەڵام ، ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك ووتەی یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەتی هەڵگێڕایەوە ، هێمنی خۆت لەدەست مەدە ، وە کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆت نەبێت . بەڵکو ڕادەی ئەو زیانە بخەمڵێنە کە ئەو ئەو ووتانە بە ڕێکخراوەکەتی دەگەیەنێت . ئەگەر گرنگ نەبوو ، پەیوەندی بە ڕۆژنامەنووسەکە بکە ، ئاگاداری بکەرەوە لەو هەڵەیە ، وە باسی ئەو کێشەیە بکە کە دروستی کردووە . بەڵام ئەگەر هەڵگێڕانەوەکە ترسناك بوو ، ناو وناوبانگی ڕێکخراوەکەت گرتەوە ، بەدواداچوونی بۆ بکە ، وە فشار بخەرە سەر ڕۆژنامەکە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکە . لەم بارەدا پێویستە پەیوەندی بە ڕۆژنامەنووسەکەوە بکەیت و ووتە هەڵگێڕاوەکانی پێ بڵێیت ، باسی ئاکامەکانی بۆ بکەو ، پرسیاری ئەوەی لێبکە کە ئەو هەنگاوە چییە کە پێویست بیگریتەبەر . ئەنجامی ئەمەش ، پێویستە ڕۆژنامەنووسەکە

بەدواداچوون بۆ كێشەكە بكات ، لەگەڵ هەواڵسازەكە یان ئامادەكاری هەواڵەكان . بێگومان ، ڕۆژنامەنووسەكان یان ئەو ڕۆژنامانەی كە كاریان تیادەكەن بە ئاسانی دان بە هەڵەكانیان نانێن ، چونكە ئەوە كار لە ناو وناوبانگیان دەكات . وە لەوانەشە گران بێت بە لاتەوە كە هەڵگەڕانەوەی ووتەكانت بسەلمێنیت ، چونكە ووتەی تۆ بەرامبەر ووتەی ئەوان دەبێت لەم بارەدا . لەبەرئەوە لەوانەیە خۆت بخەیتە ناو جەنگێكی درێژخایەنەوە . بەلام ، ئەگەر ووتە هەلگێڕاوەكان گرنگی زۆری هەبوو ، فشارێكی زۆر بخەرە سەر هەواڵسازەكان بۆ گەڕانەوەی قسەكانیان ( پەشیمان بوونەوە لەوەی كە نووسیویانە) یان پێشكەشكردنی لێبوردن ( دەتوانیت زەرەرە گەورەكەیان بسەلمێنیت ، كاتێك كە بلاویان كردۆتەوە كە سەرۆكی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێكخراوەكەت دەست لەكاركێشانەوەی پێشكەش كردوە ، بەلام ڕاستیەكەی جەخت لەسەر پێچەوانەی ئەوە دەكات ) .

- ئەی ئەگەر ڕێكخراوەكەت ڕووبەڕووی قەیرانێكی دیاریكراو بۆتەوە ؟ ئەی ئەگەر بەڕێوەبەری ڕێكخراوەكەت پارەیەكی دزیوەو میدیاكان پێیان زانیوە ؟ بە هیچ شێوەیەك كۆمێنت لە سەر ئەم بابەتە ڕەت مەكەرەوە . چونكە خەڵكی وا



دەزانن كە شتێكت دەزانیت و دەیشاریتەوە . ئەگەر نەتوویست كۆمێنت بدەیەت ، بۆ نمونە بڵێ : ڕێكخراوەكەمان لە بابەتەكە دەكۆڵێتەوە و ، بەیاننامەیەكی ڕۆژنامەوانی دەردەكات لەم بارەیەوە .... پاشان پەیمانەكەت ببەسەر ، بەڕوونكردنەوەی ئەو ڕێبازەی كە ڕێكخراوەكەت دەیگرێتەبەر لە چارەسەركردنی ئەم قەیرانەدا ، بۆ نمونە . بەلام ئەگەر ئەم قەیرانە ئاكامی یاسایی لێكەوتەوە ، دەتوانیت هیچ كۆمێنتێك نەدەیت لەسەر چۆنێتی ڕێوشوێنە یاساییەكانی ، لەمەترسی زیان پێگەیاندنی ، بە بیانووی ئەوەی كە ڕێگە بە یاسا دەدەیت سەروەر بێت . زۆر كات ، ڕۆژنامەنووسەكە ، هەوڵ دەدات كە پرسیارت سەبارەت بە بابەتەكە لێبكات ، كە بە ووردی لێكۆڵینەوەت لەگەڵدا بكات . بەلام ئەگەر درێژەت بە كۆمێنت دا ، لەوانەیە كۆمێنتەكانت ئاكامێكی خراپی هەبێت ، بگۆرێت بە گۆڕانی كێشەكە .

- وەلامی پەیوەندییە تەلەفۆنیەكانی ڕۆژنامەنووسەكان بدەرەوە بە پلاندانان بەووریایی بۆ ووتەكانت . ئەگەر نا هەوڵی بەدواداچوونی ڕاستیەكان دەكەن لە سەرچاوەیەكی ترەوە .

- قەوارەی ڕێکخراوەکەت چەند بێت ، پێویستت بە دامەزراندنی لێپرسراوێکی ڕاگەیاندی هەیە ، بۆ کۆمێنت دان لەسەر پرسیاری میدیاکان ، بەناوی ڕێکخراوەکەتەوە . بەڵام ئەگەر قەیرانەکە ترسناك بوو ، ئەوا پێویستە بەرێوەبەری پلە بەرزتر هەڵس و کەوت بکات لەگەڵ میدیاکاندا ، بە شێوازێکی یەکگرتووی و ڕێکخراو . ئەگەر ڕێکخراوەکەت ووتەبێژی ڕۆژنامەیی فەرمی هەبوو، هەوڵ بدە کە بەردەوام میدیاکان لە بە ئاگابکاتەوە .
- ڕێکخراوەکەت زۆر زەرەرمەند دەبێت ئەگەر بۆچوونەکان جیاواز بوون لە نێوانە ئەندامانی ڕێکخراوەکەتدا .
- ڕێبازێکی پێوانەیی بۆ ڕێکخراوەکەت دابنێ لە هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ میدیاکاندا . هەڵمەستە بە ڕێکخستنی ئەم ڕێبازە بەپەلە ، لە کاتێکدا کە یەکێك لە ڕوژنامەنووسەکە پەیوەندیت پێوە دەکەن .
- بەرێز و ئامادە بە بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی تەنانەت ئەگەر حەزت لێنەبوو.
- زانیارییە پشت بەستراو بە ڕاستییەکان پێشکەش بکە ، بەپێی توانا .



- بۆ ڕۆژنامەنووسەکە دەربخە کە راچاوی ئەو فشارانە دەکەیت کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە . بەلەبەرچاوگرتنی پەیوەستبوونی بۆ کۆتاوادەی ڕێپێدراوەوە .
- وەك هەر کەسێکی شارەزا هەڵس و کەوت بکە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکەدا .
- هیچ گومانێك نیشان مەدە لەکاتی هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکاندا . چونکە کارەکەیان پێویستی بەوەیە کە ووردەکار بن لە ڕاپۆرتەکانیاندا . ئەمەش وایان لێدەکات کە پرساری گرانت ئاڕاستە بکەن . کە وات لێدەکەن هەندێ جار گومانت لە ڕاستی ووتەکانت هەبێت.
- شەڕانگێزی ( نەیاری ) بەرامبەر بە میدیاکان نیشان مەدە و خۆتیان لێ مەدزەوە ، چونکە ئەم هەڵس و کەوتە بە پێچەوانەوە بەسەرتا دەشکێتەوە . وەلەبەر ئەوەی کە پێویستت بە پاڵپشتی دەزگا میدیاکانە بۆ ڕێکخراوەکەت ، پێویستە کە پەیوەندییەکانت پتەو بکەیت لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە جێ متمانەن .
- ئەگەر ڕێکخراوەکەت ڕووبەڕووی قەیرانێك بووەوە ، زانیارییە پێویستەکان بە جەماوەری ڕێکخراوەکەت پێشکەش بکە ، وەك ئەندامانی ڕێکخراوەکەت ، وە

ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی، کارمەندەکانی ، سپۆنسەرەکانی . چونکە پەسەند نیە کە ئەم زانیارییانە لە سەرچاوە میدیایەکانەوە وەربگرن . پاشان هەوڵ بدە باشترین ڕێباز بدۆزیتەوە لە پێناو ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەگەڵ هەر تیمێکدا ، چ لە ڕێگەی نامەوە یان پەیوەندی تەلەفۆنیەوە ، یان بانگێشتکردن بۆ کۆبوونەوەیەکی لەناکاوەوە .

## داڕشتنی بەیاننامەی ڕۆژنامەنووسی ( Writing a press statement)

**پێویستییەکانی داڕشتنی ؟**

ئەو هۆکارانە چین کە پێویستی بە دەرکردنی بەیاننامەی ڕۆژنامەنووسی ، لەوانە :

- بۆ وەڵامدانەوەی خێرای ئەو پرسیارانەی کە قەیرانێك دەیوروژێنێت ، کە بۆچوونی ڕێکخراوەکەت دەربارەی ڕوون دەکاتەوە .
- بۆ ئەوەی میدیاکان گرنگی بدەن بە نووسینی ڕاپۆرتێك سەبارەت بە قەیرانێکی دیاریکراو.
- بۆ ڕوونکردنەوەی لێتێکچوونێك ( التباس) .
- بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری .



## بەیاننامەی ڕۆژنامەنووسی باش داڕێژراو

پێویستە بەیاننامەی ڕۆژنامەنووسی بە کوالیتیەکی باش داڕێژراو بێت تا ڕۆژنامەکان ڕەزامەندی پەسەنکردنی بدەن ، وە گرنگیەکی ڕاگەیاندی هەبێت لە بۆچوونی میدیاکاندا . چەند داڕشتنی بەیاننامەکە باشتر بێت ئەگەری پەسەندکردنی لەلایەن میدیاکانەوە زیاتر دەبێت .

بەیاننامەی باش داڕێژراو پێویستە :

- گرنگیەکی ڕاگەیاندنی بگرێتەخۆ .
- ناونیشانێکی سەرەکی و بڕگەیەکی پێشەکی سەرنجڕاکێشی هەبێت .
- لەخۆگرتنی هەموو ڕاستیە پێویستەکان بۆ خستنەڕووی حاڵەتێك یان قەیرانێکی خراوە ڕوو – لەوانەش وەڵامی پرسیارە باوەکانی : چی ؟ کێ ؟ کەی ؟ چۆن ؟- بەڵام پێویست ناکات کە هەموویان لە پێشەکییەکەدا ڕوون بکرێتەوە .
- کورت و ڕوون وئاشکرا بێت ( لە لاپەڕەیەك تێپەڕ نەکات ، یان لە لاپەڕەیەك کەمتر بێت ئەگەر توانرا).

- پشت بە ئاماره ووردەکان ببەستێت ئەگەر توانرا .
- دارشتنەکەی زۆر باش بێت ، بۆ ئەوەی میدیاکان دوو دڵ نەبن لە پەسەندکردنیدا .
- وورد بێت .
- بۆچوونی رێکخراوەکەت بنوێنێت سەبارەت بە کێشە بڵاوکراوەکاندا .
- ئەو زانیاریانە بخاتە ڕوو سەبارەت بەو هەنگاوانەی کە رێکخراوەکەت بە نیازە بیگرێتەبەر لەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا .
- ئاراستەی کەسێکی دیاریکراو بکرێت ، وە لەپاشاندا پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ کەسی دیاریکراودا بکرێت .
- داوا لە میدیاکان بکات کە پەیوەندی بە رێکخراوەکەتەوە بکەن بەمەبەستی دەستکەوتنی زانیاری زیاتر .
- ناوی کەسی دیاریکراو ژمارەی تەلەفۆنەکەی دیاری بکات .
- بە کرداری دابەش دەکرێت بەسەر دەزگا میدیاییەکاندا لەوانیش میدیا جیهانییەکان .



## هەندێ رێپێنەدراوەکان ( الممنوعات )

بەیاننامەی ڕۆژنامەنووسی بڵاوناکرێتەوە ئەگەر :

- هەموو زانیارییە پێویستەکان نەگرێتەخۆ کە رێگە بە میدیاکان بدات کە هەواڵێکی لەبارەوە بنووسن یان بڵاوی بکەنەوە .
- ڕاستی ڕووداوە باسکراوەکان نەسەلمێنێت .
- پشتی بە پروپاگەندەیەك ببەستێت .
- ڕوون و ئاشکرا نەبێت ( مبهما) .
- رێگر بێت لە پەیوەندی کردنی میدیاکان بە بەرپرسی راگەیاندنی رێکخراوەکەت .
- لێکۆڵینەوە لە ووردی نەکرابێتەوە ، هەڵە زمانەوانی و ڕەنووسی چاك نەکرابێتەوە .

**نمونە لەسەر بەیاننامەی ڕۆژنامەنووسی**

لێرەدا نمونەیەك لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەنووسیت پێشکەش دەکەین . دەتوانرێت لەسەر کاغەزێك نووسرا بێت کە لەسەرەوە ئاماژە بە ناو و ناونیشانی رێکخراوەکەی کرابێت ، هەروەها بە ڕوونی سەرجەم زانیارییە پێویستەکان بۆ پەیوەندی کردن بە

رێکخراوەکەوە بگرێتەخۆ . جگە لەمانە ، دیاری کردنی لایەنی مەبەست کە بەیاننامەکەی ئاراستەدەکرێت . لە لایەن خۆیەوە ، رێکخراوەکەت پێشتر ریکلامێکی رۆژنامەیی ئاراستەی میدیاکان کردووە بۆ رووماڵکردنی رووداوەکە .

## شێوازی کارکردن لەگەڵ رۆژنامەنووسەکاندا ( Working with journalists)

کاری رۆژنامەنووسەکان گەرانە بە شوێن "راستیەکاندا" لە پێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتیدا ، بەمەبەستی پێشکەشکردنی راپۆرتە هەواڵییەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ و وورد، لە پێناو بەرزکردنەوە ( پەرەپێدان ) بە کۆمەڵگەیەکی دید فراوان.

بەڵام بۆچوونەکان سەبارەت بە "راستی" لێکۆڵینەوە پەیوەستەکان بە یەکێك لە پرسەکان دەگۆرێت بە جیاوازی کەسەکان ، لەبەرئەوەی هەر کەسەو لەروانگەی خۆیەوە رووداوەکان دەبینێت. کاتێك یەکێك لە( کانەکان ) رووبەرووی کارەساتێکی دیاریکراو دەبێت ، کە دەبێتە هۆی مردنی ژمارەیەك لە کرێکارانی کانەکە یان کەم ئەندام بوونیان ، ئەوا ئەو کارگەیەی کە کانەکە بەرێوەدەبات هەواڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز دەخاتەروو جیاواز لەوەی کە یەکێتی کرێکارانی کانەکە دەیخاتە روو.



زۆربەی کات ، لەبەر ئەم هۆکارە رۆژنامەنووسەکان، ناچاردەبن کە دیمانە لەگەڵ کەسانێك کە بۆچوونی جیاوازیان هەبێت سەبارەت بە رووداوەکە ئەنجام بدەن ، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ پێشکەشکردنی وێنەیەکی گشتگیر دەربارەی . وە هەر لەبەر هەمان هۆ ، هەندێ جار رۆژنامەنوووسەکان چەند پرسیارێك ئاراستە دەکەن کە کەمێك شەرانگێزی ( دژایەتی ، نەیاری) پێوە دیار بێت ، وە گومان لە ووتەی کەسەکان دەکات . بە هەر رێگەیەك لە رێگەکان ، پێویستە دەستخۆشی لەم هەنگاوە بکەین ، ئەگەر ئەمە یارمەتیدەر بێت لە بەهێزکردنی کرانەوە و دیموکراتی لە جیهاندا .

ئەوەی کە زانراوە کە رۆژنامەنووسەکان هەوڵی ووروژاندنی هەست و سۆزی جەماوەردەدەن . ئەو لێکۆڵینەوانە بڵاو دەکەنەوە کە پاڵ بە خەڵکیەوە بنێت بۆ کرینی رۆژنامەکان ، یان گوێگرتن لە ئێزگە، یان سەیرکردنی تەلەفزیۆن. وە زۆربەی کات رۆژنامەکان تەرکیز ( فۆکەس) دەکەنە سەر ئەو کێشانەی کە پەیوەستە بە پێشکەوتن، دادپەروەری، کە کۆمەڵگەی مەدەنی رێکخراوی بۆ دادەمەزرێنێت، بۆ بەرگری کردن لێیان. ئێمە بە شێوەیەکی بەشی ( نیمچەیی) بەرپرسین لە سەرنەکەوتنمان لە خستنەرووی کێشەکان بە شێوەیەکی سەرنجراکێش و دروستکەرانە، بۆ سەرنجراکێشانی میدیاکان. لێرەدا رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دێتەکایەوە

کە پێویستە فێری چۆنێتی بونیادنان و پتەوکردنی پەیوەندیەکی دروست لەگەڵ میدیاکاندا بن. لەبەر ئەوە هەوڵ بدە کە ئەو ڕۆژنامەنووسانە بدۆزیتەوە کە جێی متمانەن، و گرنگی بەو پرسانە دەدەن کە پەیوەستە بەو بوارەی کە کاری تێدا دەکەیت.

## زانیارییە پێشینەیی ، و فەرمی ، و نافەرمەرمییەکان

له یادت نەچێت کاتێك کفتوگۆ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکدا دەکەیت کە ئەو لە ژێر کاریگەری ئەو فشارانە کاردەکات کە سەرنووسەر دەیخاتە سەری، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی سەرنجڕاکێش پێشکەش بکات. لەبەرئەوە پێویستە، لەکاتی لێدوانەکەتدا، ڕەچاوی چەند خاڵێکی بنچینەیی بکەیت .

ئەگەر متمانەت بە ڕۆژنامەنووسەکە هەبوو ، لەوانەیە هاوبەشی بکەیت لە هەندێ زانیاری پێشینەی بابەتەکە ، بەمەبەستی یارمەتی دانی لە تێگەیشتنی بارودۆخی لێکۆڵینەوەکە . زاراوەی (پێشینەیی) مانای ئەوەیە کە ڕێپێنەدراوە کە لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەی پێبکرێت . هەروەها دەتوانیت کە هەندێ زانیاری بدەیتێ کە بتوانێت بەکاری بهێنێت ، بەڵام بەبێ ناوبردنی سەرچاوەکانی . کە ئەمەش ناسراوە بە "سەرچاوەی نافەرمی ". بەڵام سەرچاوەی فەرمی



کە ئاماژەی پێ دەدەیت ، ڕۆژنامەنووسەکە دەتوانێت پشتی پێببەستێت و ئاماژەی پێبکات . بەڵام، ئاگادار بە- لەوانەیە لێپرسراوانی ڕاگەیاندی ڕێکخراوەکەت ئاگادارت بکەنەوە کە ئەو ڕۆژنامەنووسەی ناچارکراوە ، لە ژێر فشاری سەرنووسەر ، کە ڕاپۆرتی سەرنجڕاکێش ئەنجام بدات ، بڕوای بە بوونی زانیاری پێشینەیی و نافەرمی نیە . لەبەرئەوە باشتر وایە پەیوەندیەکی بنیات نراو لەسەر متمانە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی دەست پاك دروست بکەیت ، پێش ئەوەی زانیارییە نافەرمی و پێشینەیەکانی پێببەخشیت . بێگومان خۆت گونجاوتریت لەکەسەکانی دیکە بۆ هەڵسەنگاندنی باری تایبەتی خۆت .

چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکان

هەندێ لە ڕێکخراوەکان لە کەشێکی سەرکوتکردنی بارگاوی بە دژایەتیدا کاردەکەن. بەڵام پێویستە ئەوەت لە یاد بێت کە:

- ڕۆژنامەنووسەکان کەسانێکن کە کارێکی گرنگ ئەنجام دەدەن ، وە لەم ڕوانگەیەوە هەوڵ بدە کە پەیوەندیان پێوە بکەیت وەك کەسانێکی پرۆفیشیناڵن کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن.
- هەندێ کەس بیرۆکەیەکی نێگەتیفی پێشوەختیان بۆ ڕۆژنامەنووسەکان لا دروست دەبێت ، وە وا بیریان

لێبکەیتەوە کە ئامادەن هەر کارێك ئەنجام بدەن لە پێناو دەستکەوتنی ڕاپۆرتێك ( لێکۆڵینەوەیەك)، وە هەروەها هەوڵی ووروژاندنی هەستی جەماوەر دەدەن، وە چەندەها بیرۆکەی دیکە. بەڵام ئەم کارەت سوودبەخش نابێت ئەگەر بە نیازیت بیت هەڵسوکەوت لەگەڵ میدیاکاندا بکەیت . لەبەرئەوە بگەڕێ بە شوێن ئەوانەی کە هەست دەکەیت دەست پاکن .

- کارکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکان باشترە لە دژایەتیان .
- پێویستە لە بارودۆخی (ڕەوشی ) کاری ڕۆژنامەنووسەکان تێبگەیت و هاوسۆزیان بیت، لەوانەش ئەو فشارانەی کە سەرنووسەرەکانیان و یاریدەدەرەکانیان دەیخەنە سەریان، وەپێویستیان بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك ( لێکۆڵینەوەیەك )، وە کۆتا وادە کە میدیاکان ڕێگەی پێنادات (لا تتسامح) .
- دەبێت جێگەی متمانە بیت .
- پەیوەندی پتەو ببەستە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکاندا. باشتر وایە کە میدیاکان ڕێکخراوەکەت وەك ئەو ڕێکخراوەنە دابنێت کە دەتوانێت بۆی بگەڕێتەوە، بۆ دەستکەوتنی لێدوان و زانیاری پیشینەی باوەڕپێکراو. کە ئەمەش یارمەتیت دەدات کە پرسەکانت بە هەمووان ئاشنا بکەیت.



- دەتوانێت کە داوا لە ڕۆژنامەنووسەکان بکەیت کە ڕاپۆرتەکەت بە فاکس بۆ بنێرن پێش بڵاوکردنەوەی. بەڵام دڵنیایان بکەرەوە کە مەبەستت لە ناردنی دەستێوەردان نیە لە ناوەڕۆك و شێوازەکەی، بەڵکو بۆ دڵنیابوون لە ووردێتی.
- یارمەتی ڕۆژنامەنوسەکان بدە لە ئەنجامدانی کارەکانیان، بە ئاگادارکردنەوەیان بە بوونی چەند ڕووداوێك کە ڕێکخراوەکەت ئاگادارێتی، بە حوکمی سروشتی کارە نەوازەکانی .
- بانگێشکردنی ڕۆژنامەنووسەکان بۆ ئامادەبوونی بۆنە گشتیەکانی کە ڕێکخراوەکەت ڕێکی دەخات، تەنانەت ئەگەر مەبەستی بانگێشتەکەش بە نیازی نووسینی ڕاپۆرتێك نەبێت سەبارەت بە ڕێکخراوەکەت. ئەم هەنگاوانە یارمەتیت دەدەن لە پتەوکردنی پەیوەندیت لەگەڵیان.
- چەند پەیوەندیت پتەو بێت لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکاندا، زیاتر سەرنجی کارەکانی ڕێکخراوەکەت دەدەن و گرنگی زیاتر بە پرسەکانی دەدەن. ئەمەش مانای وایە کە داهاتوودا (أ) زیاتر گرنگی بە ڕومالکردنی هەواڵ و پرسەکانی ڕێکخراوەکەت دەدەن ، (ب) زیاتر وورد دەبن لە کاتی ڕومالکردنیدا .